
# چاپكراوی نوێ

(هزرو هەڵوێست لای عیزەدین مستەفا رەسووڵ) ناونیشانی كتێبێكی تازەی نووسەر(زانیار سەردار قرگەیی)یە، ئەم كتێبە باس لە هزرو خەباتی مستەفا بارزانی و گشتپرسی و راپەڕین دەكات لە دووتوێی دیداری رۆژنامەوانیدا، كۆچكردوو پرۆفیسۆر نەسرین فەخری پێشەكی بۆ نووسیوە، تێیدا ئاماژە بە رۆڵی سەركردەو باوكی رۆحیی كورد مستەفا بارزانی دەكات لە دانانی بەردی بناغەی چارەنووس و سەربەخۆیی میللەتی كورد، زانیار سەردار قرگەیی لەم كتێبەدا پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ وەك خانەوادەو وەك خۆی و بنەماڵەیەكی ناسراو و تێكۆشەرو كوردپەروەری شاری سلێمانی بە خوێنەران دەناسێنێت، باس لە ژیاننامەكەی دەكات وەك پرۆفیسۆرو خاوەن دوو بڕوانامەی دكتۆرا كە لە باكۆو مۆسكۆ بەدەستی هێناون، ئەو دەڵێت پرۆفیسۆر عیزەدین خاوەنی (٨٠) كتێبی چاپكراوە لە بوارەكانی رەخنەو ئەدەب و وەرگێڕان و بیرەوەری . هەندێ لە قسەكانی پرۆفیسۆر عیزەدین دێنێتەوە كە دەڵێت:(بارزانیی نەمر، كەسایەتییەكی بە هەیبەت و گەورە بوو، هەرگیز لە بڕیارداندا دوودڵ نەبوو، كەسێكی زۆر بە وەفا بوو)، (لە رووسیا بارزانیی نەمر وەك كەسێكی گەورەو ناوێكی گەورە و سەركردەیەك لە سەركردەكانی جیهان تەماشا دەكرا)..

دەستخۆشی لە نووسەر(زانیار سەردار قرگەیی)دەكەین و هیوای سەركەوتنی بۆ دەخوازین.



ئایدن مەعروف:



**پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان مافەکانیان پارێزراوە، بەڵام دواکاری زیاتریشمان هەیە**

پرۆفیسۆر د. محەمەد شەعبان



**خوێندنەوەیەکی شیکاری بۆ ١٠٠ رۆژی ئەدای کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

عەبدولڕەحمان سدیق



**ئافرەت پیاوی لە بەهەشت دەرنەکردووە**

سەڵاح بەدرەدین




**دەربارەی (یەکێتیی کوردی)ی سووریا**

تۆماس ئەریکسەن:



**ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی مۆدێرنەیە و باوەڕی وایە سنوورە کولتوورییەکان هاوشانی سنوورە سیاسییەکانن**





■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالّح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی سالّح

■ بەرێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەرێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانا خانی - دهۆك

ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulan-media.com

شیروان میرزا:

## لێکتێگەیشتنی باش لەنێوان هەرێم و بەغدا لەسەر کێشە داراییەکان دروست بووە





## خانمان داوا دەکەن لە خاوەندارێتی ماڵ و موڵکی هاوسەرێتی بێبەش نەکرێن

## فستق بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ و شەکرە



## دەسکی زیرەک بۆ وێنەگرتن



کوردستان بەمۆ :


## ئاواتەخوازم لە کوردستان و عێراقدا مێژوویەکی مەزن بنووسمەوە



## سەمفۆنیای رەنگی گوند

خوێندنەوەیەک بۆ تابلۆکانی عەلی حوسێن










دولة
الحسين
باقية



# «دەوڵەتی حوسێن» لەژێر سێبەری وێنەی «سیستانی»دا

## وەرچەرخان لە ویلایەتی فەقیهەوە بۆ دەوڵەتی ئال ئەلبەیت

**وتەبێژی مەرجەعییەت لە یەک دوو هەفتەی رابردوو بە ناوی مەرجەعییەتەوە رایگەیاند کە نابێت چیدیکە خۆپیشاندەران وێنەی سیستانی لە خۆپیشاندانەکان بەرز بکەنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا و بە بڕیاری لابەلا فەرمان دەدرێت کە وێنەی سیستانی لەسەر دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەت هەڵبواسرێت**

**سەرکردەی لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق بڵاوی دەکەنەوە و دەڵێن: سەرکردە سیاسییەکانی شیعە تا ئەو کاتە پابەندن بە پەیام و قسەکانی سیستانییەوە کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بێت، ئەگەر بزانن لە بەرژەوەندیی خۆیاندا نییە، ئەوا فەرامۆشی دەکەن، هەروەک چەندین جاری دیکەش فەرامۆشیان کردووە**

**لە دوای دەرچوونی ئەمریکاش لەو ڕێککەوتنە، بە ئاشکرا دەبینین کە هەڵوێستی حکومەتی ئێران لەسەر زاری ڕۆحانی (سەرۆک کۆمار) و جواد زەریف (وەزیری دەرەوە) جۆرێکە کە بە هەموو جۆرێک دیالۆگ و دانوستاندن لەگەڵ ئەمریکا ڕەتناکاتەوە، بەڵام هەڵوێستی رابەری کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەموو جۆرێک دانوستاندن و دیالۆگ ڕەتدەکاتەوە**

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە ویکیپیدیا دەربارەی تەمەنی ئایەتوڵا عەلی سیستانی مەرجەعی باڵای شیعەی نەجەف بڵاو کراوەتەوە، لە ساڵی ١٣٤٩ی کۆچی لە شاری مەشهەدی ئێران لە دایك بووە و ئێستاش ساڵی ١٤٤١ی کۆچییە، واتە بە ساڵنامەی کۆچی تەمەنی ٩٢ ساڵە و ئەگەر وەریگێڕینە سەر ساڵنامەی زایینی و لەبەر ئەوەی ساڵی کۆچی ١٠ ڕۆژی لە ساڵی زایینی کەمترە، ئەوا تەمەنی سیستانی دەگاتە دەوروبەری ٩٠ ساڵ. لە بەرامبەردا و بەپێی هەمان سەرچاوە، تەمەنی ئایەتوڵا عەلی خامەنەئی رابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٤٩ لە شاری مەشهەدی ئێران لە دایك بووە و ئێستا تەمەنی شتێك لە ٨٠ ساڵ زیاترە، کەچی ئەمریکییەکان گرەو لەسەر تەندروستییە ناجێگیرەکەی دەکەن و دەڵێن ئێستا توانای بەڕێوەبردنی تەواوی کۆماری ئیسلامی ئێرانی نەماوە و ناشتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ وەك مەرجەع و ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران بمێنێتەوە و، لەوانەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا یەکێکی دیکە، یان چەند کەسێك شوێنی بگرنەوە، بەمەش ئاراستەی کۆماری ئیسلامیی ئێران گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا دێت و لەوانەیە کۆماری ئیسلامیی ئێران چیدیکە پابەندی (هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی) بۆ دەرەوەی نەبێت.

ئامانج لە بەراورودکردنی تەمەنی سیستانی و خامەنەئی ئەوەیە، ئەگەر خامەنەئی لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا، کە ڕاپۆرتە ئەمریکییەکان بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتی پزیشکی ئاماژەی پێ دەکەن، توانای تەواوی وەك مەرجەع و ڕێبەری کۆماری ئیسلامی نەمابێت، ئایا سیستانی لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا توانای ئەوەی ماوە بە باشی بارودۆخی سیاسیی عێراق بخوێنێتەوە و فەتوای دروست لە سەر ڕەوشی ڕووداوەکانی ئێستای عێراق بدات؟ یان ئایا لە ئێستادا ئەو کەسایەتییە کاریزمایە بێت کە لە خۆپیشاندانەکاندا وێنەکانی بەرز بکرێتەوە و وەك رابەری شۆڕشی (حوسێن) لە عێراقدا بناسرێت؟.

ئەوجا لەگەڵ ئەوەی ئیمام و پێش نوێژ و وتەبێژی مەرجەعییەت لە یەك دوو هەفتەی رابردوو بە ناوی مەرجەعییەتەوە رایگەیاند کە نابێت چیدیکە خۆپیشاندەران وێنەی سیستانی لە خۆپیشاندانەکان بەرز بکەنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا و بە بڕیاری لابەلا فەرمان دەدرێت کە وێنەی سیستانی لەسەر دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەت هەڵبواسرێت. لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئایەتوڵا عەلی سیستانی-یش بە هۆی زۆریی تەمەنی و باری تەندروستییەوە توانای قسەکردن و بڕیاردانی نەماوە؟ یان ئەو کەسانەی بە ناوی مەرجەع و سیستانییەوە پەیام بڵاو دەکەنەوە، گومانی ئەوەی لەسەر دروست نابێت کە ئەم قسە و پەیامانە ڕاستەوخۆ قسە و پەیامی سیستانی نین؟.

دیارە ئەوەی گومانی ئەم پرسیارە زیاتر تۆخ دەکاتەوە، ئەو لێدوان و پەیامانەیە کە سەرکردەی لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق بڵاوی دەکەنەوە و دەڵێن: سەرکردە سیاسییەکانی شیعە تا ئەو کاتە پابەندن بە پەیام و قسەکانی سیستانییەوە کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بێت، ئەگەر بزانن لە بەرژەوەندیی خۆیاندا نییە، ئەوا فەرامۆشی دەکەن، هەروەك چەندین جاری دیکەش فەرامۆشیان کردووە.

هەروەها چەند ساڵێکیشە ئەم حاڵەتە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە هەڵوێست و پەیامەکانی ئایەتوڵا خامەنەئی لە ساڵی ٢٠١٥ لە سەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران لەگەڵ دەوڵەتانی ٥+١ جۆرێك بوو، هەڵوێستی حکومەتی ئێرانیش شتێکی دیکە بوو، هەروەها لە دوای دەرچوونی ئەمریکاش لەو ڕێککەوتنە، بە ئاشکرا دەبینین کە هەڵوێستی حکومەتی ئێران لەسەر زاری ڕۆحانی (سەرۆك کۆمار) و جەواد زەریف (وەزیری دەرەوە) جۆرێکە کە بە هەموو جۆرێك دیالۆگ و دانوستاندن لەگەڵ ئەمریکا ڕەتناکاتەوە، بەڵام هەڵوێستی رابەری کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەموو جۆرێك دانوستاندن و دیالۆگ ڕەتدەکاتەوە.

ئەم حاڵەتەی ئێستای هەر دوو مەرجەعییەتی (قوم و نەجەف) کە بە حیساب ئاراستەی هاوکێشە سیاسییەکانی دوو وڵات دەکەن، سەردەمی مەرجەعییەت و رابەرایەتیی (ئایەتوڵا

خومەینی)مان بە بیر دێنێتەوە کە لە ٨ی ئابی ١٩٨٨ بەو جۆرە پەیامەکەی بڵاوکراوەیە کە گوتوویەتی: «رازیبوون بە راگرتنی شەڕی عێراق و ئێران (بڕیاری ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایش) بۆ مـن وەك خواردنەوەی پیاڵەیەك ژەهرە»، ئەوکات ئەم پەیامە بە ناوی ئایەتوڵا خومەینی بڵاو کرایەوە کە تەمەنی ٨٦ ساڵ بووە و تەنیا دوای ١٠ مانگ لە حوزەیرانی ١٩٨٩ کۆچی دوایی کردووە، ئەوەشی هاتە جێگەی ئایەتوڵا خومەینی، واتە ئایەتوڵا خامنەئی کە ئێستا رێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت، لەسەردەمی ئایەتوڵا خومەینی، نەوە تازەکەی دوای «ئیمام خومەینی» بۆچوونێکی دیکەیان بۆ خوێندنەوەی هاوکێشە سیاسییەکان هەبووە و لە هەمانکاتدا بە ناوی «فەتوای ئیمام»ەوە مامەڵەیان لەگەڵ هاوکێشە تازەکان کردووە، خۆ ئەگەر وا نەبوایە، دوای ئەوەی رژێمی سەدام حوسێن ناوی رۆکێتە دوورمەوداکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشانی گۆڕی بۆ رۆکێتەکانی (حوسێن و عەباس و عابد و.. هتد) راستەوخۆ ناو تارانی پایتەختی پێ بوردمان دەکرد، دەبوو ئەوکاتە (پەرداخە ژەهرەکە بخورایەتەوە) نەك دوای ئەوەی هێرشە مووشەکییەکان کۆتاییان پێ هاتبوو.

دیارە ئەو کەسانەی دەبنە مەرجەع لە شیعەدا، هەتا ئەو کاتەی کۆچی دوایی دەکەن، لەو پۆستە دەمێننەوە، بەڵام زۆر جار تەمەن و تەندروستی دەبنە رێگر لەوەی کە مەرجەع رۆڵی خۆی بگێڕێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا نەوەی تازەی دوای مەرجەع بە بیروبۆچوونی تازە ئاراستەی هاوکێشە سیاسییەکان دەخوێننەوە، ئەم حاڵەتە لە رژێمی پادشایەتی دەوڵەتانی عەرەبی سوننەشدا هەبووە، هەر بۆ نموونە: شاحوسێنی پادشای ئەردەن لەو کاتەی لە نەخۆشخانەی مایۆکلینگ بوو لە ئەمریکا، بۆ چەند رۆژێك هێنایانەوە بۆ ئەوەی جێنیشینی دوای خۆی لە شازادە حەسەنەوە بگۆڕێت بۆ شازادە عەبدوڵا، بەڵام ئایا ئەمە قەناعەت و بیرکردنەوەی شا حوسێن بوو، بێگومان نەخێر، بەڵکو نەوە تازەکەی دوای شا حوسێن ئەوەیان فەرز کرد و بە شا حوسێنیان جێبەجێ کرد، بێگومان ئێستا بەڕێوەبردنی پادشایەتی سعودیەش بەو جۆرەیە، لەلایەك شازادە محەمەد بن سەلمان پەیام بەم لا و بەو لا دەنێرێت کە سعودیە ئامادەیە لەگەڵ ئیسرائیل پەیوەندییەکانی ئاسایی بکاتەوە، هەڵبەت بە نهێنی و لە ژێرەوە، بەڵام شا سەلمان هەڵوێستێکی دیکەی هەیە و ئەوەشی ئەمریکا وئیسرائیل مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، پەیوەندییە ژێربەژێرەکەی شازادە محەمەد سەلمانە، نەك پەیامە ئاشکرا و راستەوخۆکانی شا سەلمان.

کەواتە لێرەوە زەمینەی ئەوە دێتە ئاراوە کە بڵێین: نە کۆماری ئیسلامی تەواو بەو ئاراستەیە بەڕێوە دەچێت کە ئایەتوڵا خامنەئی لە ساڵی ١٩٨٩- ٢٠١٥ (ساڵی ئیمزاکردنی رێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران لەگەڵ دەوڵەتانی ٥+١) بەڕێوەی بردووە)، نە مەرجەعییەتی شیعەی نەجەفیش ئەو مەرجەعییەتەیە کە سیستانی لە ٢٠٠٣ – ٢٠١٤ (ساڵی فەتواکەی مەرجەعییەت بۆ دروستکردنی حەشدی شەعبی) رێبەرایەتی کردووە.

ئەوجا ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە، سەیری رۆڵی مەرجەعییەتی نەجەف لە هاوکێشە سیاسییەکان و سەیری رۆڵی رابەری ئیسلامی لە ئاراستەی دیپلۆماتییەتی دەوڵەتی ئێران لە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین، هەست دەکەین مامەڵەکردنی رابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران و مامەڵەی مەرجەعییەتی نەجەف، لەگەڵ خوێندنەوەی هاوکێشە سیاسییەکان زیاتر ئاراستەی نەوە تازەکەی دوای هەردوو مەرجەعییەتی پێوە دیارە، نەك خودی ئەو مەرجەعانەی کە ئێستا لە ژیاندا ماون و بە ناوی ئەوانەوە پەیام و فەتوا بڵاو دەکرێنەوە، هەر بۆ نموونە:

١. لە ساڵی ٢٠١٥ کاتێك ئێران رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ دەوڵەتانی ٥+١ ئیمزا کرد، هەتا ئێستاش وەك دەوڵەت پابەندە بەو رێککەوتنە، سەرەڕای ئەوەی کە هەر لە سەرەتاوە رابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵوێستێکی دیکەی توندی هەبووە.

٢. ئەو گەمە دیپلۆماتییەی ئێستا نەوە تازەکەی دوای خامنەئی لەگەڵ سزاکانی ئەمریکا لە دژی ئێران دەیکەن، گەمەیەکە جیاوازە لە بیرکردنەوەی پێشتری خامنەئی،

**مامەڵەکردنی رابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران و مامەڵەی مەرجەعییەتی نەجەف، لەگەڵ خوێندنەوەی هاوکێشە سیاسییەکان زیاتر ئاراستەی نەوە تازەکەی دوای هەردوو مەرجەعییەتی پێوە دیارە، نەک خودی ئەو مەرجەعانەی کە ئێستا لە ژیاندا ماون و بە ناوی ئەوانەوە پەیام و فەتوا بڵاو دەکرێنەوە**

**دیپلۆماتییەتی ئێرانی هەتا ئێستا لە رێککەوتنی ٥+١ نەهاتۆتە دەرەوە، ئەمە لەکاتێکدا، چەند دەوڵەتێک بۆ نموونە (فەرەنسا، بەریتانیا و تا رادەیەک ئەڵمانیا)، لە چەندین بڕگەی سزاکانی ئەمریکادا پشتگیری ئەمریکا دەکەن، بەڵام دیپلۆماتییەتی ئێرانی، توانیویەتی مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵ بکات، کە ئەم مامەڵە باشەی دیپلۆماتییەتی ئێرانی لەگەڵ پەیامەکانی خامنەئی یەک ناگرنەوە**

**رابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بانگەشە بۆ ئەوە دەکات، دەبێت ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جیهان بسڕێتەوە، بەڵام بە کردەیی ئێران مامەڵەیەکی دیکە لەگەڵ ئیسرائیل دەکات و لەگەڵ ئەوەی ئیسرائیل تا ئێستا چەندین جار هێزەکانی ئێرانی لە ناو سووریا بۆردومان کردووە، بەڵام لەبەرامبەردا ئێران و وەکیلەکانی بێدەنگییان هەڵبژاردووە**

**مەرجەعییەتی شیعەی نەجەف ( ئایەتوڵا) سیستانی لە ماوەی ٢٠٠٣-٢٠١٤ کەم تا زۆر ڕاستەوخۆ خۆی تێکەڵاوی پرۆسەی سیاسی لە دەوڵەتی عێراقدا نەکردووە، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی داعش و ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لە موسڵ، مەرجەعییەت بڕیاری ڕەشبگیری لە ژێر ناوی دروستکردنی (حەشدی شەعبی) دا**

هەر بۆ نموونە: دیپلۆماتییەتی ئێرانی هەتا ئێستا لە ڕێککەوتنی ٥+١ نەهاتۆتە دەرەوە، ئەمە لەکاتێکدا، چەند دەوڵەتێك بۆ نموونە (فەرەنسا، بەریتانیا و تا ڕادەیەك ئەڵمانیا)، لە چەندین بڕگەی سزاکانی ئەمریکادا پشتگیری ئەمریکا دەکەن، بەڵام دیپلۆماتییەتی ئێرانی، توانیویەتی مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵ بکات، کە ئەم مامەڵە باشەی دیپلۆماتییەتی ئێرانی لەگەڵ پەیامەکانی خامەنەئی یەك ناگرنەوە.

٣. ڕابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بانگەشە بۆ ئەوە دەکات، دەبێت ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جیهان بسڕێتەوە، بەڵام بە کردەیی ئێران مامەڵەیەکی دیکە لەگەڵ ئیسرائیل دەکات و لەگەڵ ئەوەی ئیسرائیل تا ئێستا چەندین جار هێزەکانی ئێرانی لە ناو سووریا بۆردومان کردووە، بەڵام لەبەرامبەردا ئێران و وەکیلەکانی بێدەنگییان هەڵبژاردووە، ئەمەش بە دیپلۆماتییەتێکی زیرەك پێناسە دەکرێت و لەگەڵ پەیامە توندەکانی ڕابەر یەك ناگرێتەوە.

٤. مەرجەعییەتی شیعەی نەجەف (ئایەتوڵا) سیستانی لە ماوەی ٢٠٠٣-٢٠١٤ کەم تا زۆر ڕاستەوخۆ خۆی تێکەڵاوی پرۆسەی سیاسی لە دەوڵەتی عێراقدا نەکردووە، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی داعش و ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لە موسڵ، مەرجەعییەت بڕیاری ڕەشبگیری لەژێر ناوی دروستکردنی (حەشدی شەعبی) دا، بەڵام کێ بوون ئەوانەی لە ناو حەشدی شەعبی ڕۆڵی گەورەیان بینی؟ بێگومان فەرمانەدەی ئەو میلیشیا شیعەکان بوون کە پێش دروستبوونی حەشدی شەعبی لە سووریا جیهادیان بۆ مانەوەی ڕژێمی ئەسەد دەکرد، لەمەش زیاتر چەندین ڕاپۆرتی سەربازیی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەبەر



دەستن و پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن، کە ئەو فەرماندەیانەی حەشدی شەعبی کە پابەندی فەتوا و بڕیارەکانی مەرجەعییەتی نەجەفن، لەلایەن دەستەی حەشدی شەعبییەوە هەمان ماف و ئیمتیازاتی ئەو میلیشیایەیان نییە کە پابەندی مەرجەعییەتی قوم و فەرماندەکانی سوپای پاسدارانن. هەر بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئایەتوڵا سیستانی فەتوای بۆ دروستکردنی حەشدی شەعبی بۆ ئەو مەبەستە دەرکرد کە ئاراستەی عەقیدەی شیعەی عێراق بگۆڕێت بۆ تێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت، یان ئەمە بیرکردنەوەی ئەو نەوە تازەیەیە کە لەژێر ناوی مەرجەعییەتدا و بەناوی مەرجەعییەتەوە ئامانجە سیاسییەکانی خۆی جێبەجێ دەکات؟

٥. ئەگەر سەیری پرۆسەی ئامادەکاری بۆ بەشداریی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری ٢٠١٨ بکەین، وەك هەموو لایەك بینیمان، مەرجەعییەت هیچ قسەیەکی لەسەر ئەوە نەبوو کە ئەم میلیشیا سەربازییانە تێکەڵاوی پرۆسەی سیاسیی عێراق بن، ئەمە لە کاتێکدا بەپێی ئەو فەتوایەی مەرجەعییەت، حەشدی شەعبی بۆ یەك ئامانج دروست بووە کە ئەویش شەڕی دژی داعش بوو، دوای ئەو شەڕە دەبێت بگەڕێنەوە سەر کاری خۆیان، بەڵام میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد و، سەرەنجامیش جڵەوگیری پرۆسەی سیاسیی عێراق کەوتە دەستی حەشدی شەعبی.

٦. لە ئێستای خۆپیشاندانەکانی عێراقدا، مەرجەعییەت هەتا وتاری ڕۆژی هەینیی رابردووش، پشتگیریی زمنی خۆی بۆ حکومەتی ئێستای عێراق نەگۆڕیوە، لەمەش زیاتر وەك جنین هیسن نوێنەری

**چەندین راپۆرتی سەربازیی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەبەر دەستن و پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن، کە ئەو فەرماندەیانەی حەشدی شەعبی کە پابەندی فەتوا و بڕیارەکانی مەرجەعییەتی نەجەفن، لەلایەن دەستەی حەشدی شەعبییەوە هەمان ماف و ئیمتیازاتی ئەو میلیشیایەیان نییە کە پابەندی مەرجەعییەتی قوم و فەرماندەکانی سوپای پاسدارانن**



**ئایا ئایەتوڵا سیستانی فەتوای بۆ دروستکردنی حەشدی شەعبی بۆ ئەو مەبەستە دەرکرد کە ئاراستەی عەقیدەی شیعەی عێراق بگۆڕێت بۆ تێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت، یان ئەمە بیرکردنەوەی ئەو نەوە تازەیەیە کە لە ژێر ناوی مەرجەعییەتدا و بەناوی مەرجەعییەتەوە ئامانجە سیاسییەکانی خۆی جێبەجێ دەکات؟**

**لە ئێستادا بیرکردنەوەی تازەی هەر دوو مەرجەعییەتی (قوم و نەجەف) بەو جۆرەیە چۆن لەناو هاوکێشە سیاسییە تازەکانی ئێستای جیهاندا جێگە بۆ دوو (کۆماری ئیسلامی) دەکرێتەوە، بەدوو ناوی جیاواز و بە دوو تێڕوانینی جیاواز کە لە بنەڕەتیشدا هەموو ئەم جیاوازییانە لە یەک دید و تێڕوانینەوە سەرچاوە دەگرن، ئەویش فراوانکردنی حوکمڕانیی شیعەیە لە سەر ئاستی ناوچەکە**

**بانگەشەکردنی شیعەی عێراق بۆ «دەوڵەتی حوسێن» لە رووکاردا بە گەڕانەوەی شیعەی عێراق بۆ بازنەی عەرەبی و دوورکەوتنەوە لە بازنەی فارسی دەخوێندرێتەوە، لەبەرامبەریشدا دروستبوونی ئەم دەوڵەتە دەبێتە پەرەدەیەک بۆ شاردنەوەی (هەناردەکردنی شۆڕش) بۆ دەرەوە کە ماوەی٤٠ ساڵە کۆماری ئیسلامیی ئێران بانگەشەی بۆ دەکات**

نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دوای دیدارەکەی لەگەڵ سیستانی رایگەیاند، (بە قسەی جنین) سیستانی گوتوویەتی: هێزە سیاسییەکانی دیکە لەبەر ململانێی پۆست و دەسەڵات کارێکیان کردووە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن (مەبەستی حکومەتی ئێستای عێراقە) نەتوانێت چاکسازی بکات، ئەم پەیامەی مەرجەعییەت پشتگیری تەواوە لەمانەوەی ئەم حکومەتە.

٧. ئەوانەی ئێستا لەسەر شەقامەکانی شارە گەورەکانی عێراق خۆپیشاندان دەکەن، جیا لەوەی هەموویان گەنجن و تەمەنیان لە نێوان (١٥-٢٥) ساڵیدایە، لە هەمانکاتدا هەموویان داوای هەڵوێستێکی ئاشکرای مەرجەعییەت دەکەن و پابەندبوونیان بە مەرجەعییەتەوە دووبارە دەکەنەوە، تەنانەت وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر بە وتاری رۆژی هەینیی رابردوو، بەشێك لەو گەنجانە داوای ئەوەیان دەکرد کە دەبێت لەمەودوا مەرجەعییەت فەرمان بدات، نەك داوا لە حکومەت بکات، چاکسازی ئەنجام بدات.

٨. لەبەر ئەوەی مەرجەعییەت بە کردەیی پشتگیری لە مانەوەی حکومەت و دەسەڵاتی ئێستای عێراق دەکات، لایەنە سیاسییەکانی شیعە ناچار بوون لە ماڵی عەمار حەکیم کۆببنەوە و لەسەر بەرنامەیەك بۆ ئەنجامدانی چاکسازی رێك بکەون، لەبەرامبەریشدا خۆپیشاندەران زۆر بە راشکاوی باس لە «دەوڵەتی حوسێن» دەکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە دەوڵەتی حوسێن دەبێت دەوڵەتی دادپەروەری و خزمەتگوزاری بێت.

٩. موقتەدا سەدر لەگەڵ ئەوەی دەیەوێت خۆی وەك جێگرەوەی مەرجەعی نەجەف نمایش بکات، بەڵام ئەمە دووەمین جارە کە لەو کارەیدا شکست دەهێنێت، هەر بۆ نموونە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئایاری ٢٠١٨ و سەرکەوتنی هاوپەیمانیی سائیرون وەك هاوپەیمانیی پەلە یەك، هەوڵیدا رۆڵێکی باوکایەتی وەك مەرجەعییەتی هەموو عێراق لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بگێڕێت و، بە حیساب حکومەتێك دروست دەکات کە هەم مەرجەعییەتی نەجەف و هەم مەرجەعییەتی قوم لێی رازی بن، بەڵام وەك دەرکەوت، لەم کارەیدا سەرکەوتوو نەبوو، سەرەنجام هاوپەیمانیی فەتح بە سەرۆکایەتیی هادی عامری حکومەتی پێکهێنا، لە سەرەتای هەڵبژاردنەکانی ئێستای عێراقیشدا، زۆر هەوڵیدا جارێکی دیکە ئەو رۆڵی مەرجەعە بگێڕێت و بڕیاری هەڵوەشانەوەی حکومەت بدات، هەر بۆ ئەمەش داوای لە عادل عەبدولمەهدی کرد، دەست لەکار بکێشێتەوە، بەڵام وەك بینیمان سەرۆك وەزیران وەڵامی داواکەی سەدری نەدایەوە، بەڵام سوپاسی هەڵوێستی مەرجەعییەتی کرد، هەروەها سەدر بۆ سەرکەوتنی ئەم ئامانجەی نامەیەکی درێژی بۆ هادی عامری نووسی، سەرەنجام عامری-یش تەنیا بە دوو دێڕ وەڵامی دایەوە.

بە لەبەر چاوگرتنی خوێندنەوەی تازەی مەرجەعییەتی ( قوم و نەجەف) بۆ هاوکێشە سیاسییەکان و جیاواز لە شێوازە تەقلیدییەکەی کە پێشتر هەڵوێستی هەر دوو مەرجەعییەتی پێ ناسراوە، دەبینین، بە پێچەوانەی هەڵوێستە تەقلیدییەکەی پێشووی مەرجەعییەتی نەجەف، پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا نەك هەر بەرەو ویلایەتی فەقیهی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵکو ئێستا گۆڕدراوە بۆ «دەوڵەتی حوسێن» کە ماناکەی گەڕانەوەیە بۆ دەوڵەتی «ئال ئەلبەیت»، دەوڵەتی (ئال ئەلبەیت) کە بۆ شیعەی عێراق لە شیعەکانی هەر شوێنێکی دیکە گونجاوترە، جارێکی دیکە حوسێن بە ئیمامی عەلی و ئیمامەکانی دیکەوە گرێ دەداتەوە و وەك باپیری خۆیان (لە باوکەوە) مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، نەك وەك شیعەی ئێران کە مامەڵە لەگەڵ نەوەکانی حوسێن دەکان، وەك مامەڵەی باپیر (لە رێگەی دایکەوە) .

لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە: ئایا وەرچەرخان لە دەوڵەتی (ویلایەتی فەقیهەوە) بۆ دەوڵەتی (ئال ئەلبەیت)، هیچ کێشەیەك لە نێوان بیرکردنەوەی تازەی هەر دوو مەرجەعییەتی قوم و نەجەف، یان هەر دوو دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق و کۆماری ئیسلامیی ئێران دروست دەکات؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین: ئەگەر لە بیروبۆچوونە تەقلیدییەکەی هەردوو مەرجەعی (قوم و نەجەف) جیاوازییەکە ئەوە بوو بێت کە (قوم) پێی وابووە دەکرێت (ویلایەتی فەقیهی ) هەبێت، هەتا سەرهەڵدانەوەی «ئیمام مەهدی» و، مەرجەعییەتی (نەجەف) پێداگری لەوە کردبێت، هەتا سەرهەڵدانەوەی «ئیمام

مەهدی» هیچ حوکمڕانییەك بۆ شیعە بوونی نابێت، ئەوا لە ئێستادا بیرکردنەوەی تازەی هەر دوو مەرجەعییەتی (قوم و نەجەف) بەو جۆرەیە چۆن لەناو هاوکێشە سیاسییە تازەکانی ئێستای جیهاندا جێگە بۆ دوو (کۆماری ئیسلامی) دەکرێتەوە، بەدوو ناوی جیاواز و بە دوو تێڕوانینی جیاواز کە لە بنەڕەتیشدا هەموو ئەم جیاوازییانە لە یەك دید و تێڕوانینەوە سەرچاوە دەگرن، ئەویش فراوانکردنی حوکمڕانیی شیعەیە لە سەر ئاستی ناوچەکە.

ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین بانگەشەکردنی شیعەی عێراق بۆ «دەوڵەتی حوسێن» لە رووکاردا بە گەڕانەوەی شیعەی عێراق بۆ بازنەی عەرەبی و دوورکەوتنەوە لە بازنەی فارسی دەخوێندرێتەوە، لەبەرامبەریشدا دروستبوونی ئەم دەوڵەتە دەبێتە پەردەیەك بۆ شاردنەوەی (هەناردەکردنی شۆڕش) بۆ دەرەوە کە ماوەی ٤٠ ساڵە کۆماری ئیسلامیی ئێران بانگەشەی بۆ دەکات.

بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە کاتێك دەبینین خۆپیشاندەران، وێنەی ئایەتوڵا خامەنەئی و ئاڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نەجەف و کەربەلا دەسووتێنن، جیا لەوەی لەلایەك هێزەکانی حەشدی شەعبی بێدەنگن، لەلایەکی دیکەوە سوپای پاسداران زۆر بە گەرمی پشتیوانی لە مانەوەی حکومەتەکەی حەشد دەکات.

### ● مەرجەعییەتی نەجەف و مامەڵەکردنی لەگەڵ خۆپیشاندانەکان و پرۆسەی سیاسیی ئێستای عێراق

رۆژی ٢٦ی تشرینی یەکەمی رابردوو، خۆپیشاندەران هەڵیان کوتایە سەر بارەگایەکی عەسائیبی ئەهلی هەق لە عەمارە، کە لە ئەنجامدا بەڕێوەبەری ئەو بارەگایە کە ناوی وسام عەلیاوی بوو، کوژرا و براکەشی بە ناوی عەسام عەلیاوی کە بریندار بوو، لە ناو ئۆتۆمبێلی فریاکەوتندا هەڵیان کوتایە سەر ئەویش و ئەویشیان کوشت، لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی ئەم دوو برایەی کە چەکداری میلیشیاکانی عەسائیب بوون، شێخ قەیس غەزعەلی فەرماندەی عەسائیب راشکاوانە رایگەیاند: «خوێنی ئەم دوو شەهیدە لە ئەستۆی ئەمریکا و ئیسرائیلە و بە چەند قات تۆڵەیان دەکرێتەوە»، هەروەها هادی عامری-یش سەرۆکی هاوپەیمانیی فەتح رایگەیاند کە خوێنی ئەوان بەفیرۆ نارِوات و تۆڵەیان دەکرێتەوە.

ئەگەر سەرنج لەم رووداوە بدەین، دەبینین، فەرماندەکانی حەشدی شەعبی و سەرۆکی هاوپەیمانیی فەتح، لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکانی مانگی تشرینی یەکەمی رابردوو هەتا ئێستا کە نزیکەی دوو مانگە، تەنیا لەو رووداوە دەرکەوتن و پەیامەکانیشیان راشکاوانە ئەوەی گەیاندووە کە خۆپیشاندەران پەلاماری بارەگاکانی حەشدی شەعبی نادەن و ئەوەی ئەو کارەی کردووە، خۆپیشاندەر نییە و بەکرێگیراوی ئیسرائیل و ئەمریکایە، ئەمەش مانای ئەوەیە حەشدی شەعبی لەگەڵ ئەوەی هێزی سەرەکییە بۆ مانەوەی دەسەڵاتی عێراق، بەڵام پشتگیری خۆپیشاندەرانی شیعەش دەکات و، ئەوەی خۆپیشاندەرانیش دەیانەوێت، لەگەڵ ئامانجەکانی حەشدی شەعبی و هەڵوێستەکانی مەرجەعییەتی نەجەفیش پێچەوانە نییە.

بەڵام ئەگەر لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ ئەو پرسیارە: پەلاماردانەکانی خۆپیشاندەران بۆ سەر کونسوڵخانەی ئێران لە نەجەف و کەربەلا و سووتاندنی ئاڵای ئێران و وێنەی ئایەتوڵا خامەنەئی، ئایا ئەمە لە دژی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی وەك عەسائبی ئەهلی هەق دانانرێت کە خۆیان بە پاشکۆی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی دەزانن؟ لە وەڵامی ئەمەشدا رەوتی رووداوەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە تەفزیلکردنی «دەوڵەتی حوسێن» بە سەر سیستمی (ویلایەتی فەقیە)، خۆی لە خۆیدا ئامانجێکی دیکەی سوپای پاسداران و میلیشیاکانی حەشدی شەعبییە، بۆ پیشاندانی تەفزیلکردنی شیعەی عەرەبی عێراق بەسەر شیعەی شوێنەکانی دیکەدا، بەوەی شیعەی عێراق ئەو مافەیان هەیە کە داوای «دەوڵەتی حوسێن» یان «دەوڵەتی ئال ئەلبیت» بکەن. ئەمەش بەومانایەی ئەگەر هەتا ئێستا هەموو شیعەی جیهان لە رووی عەقیدەوە تەفزیلی (نەجەف و کەربەلا)یان کردبێت، ئەوا لە ئەمڕۆ بەدواوە دەبێت لە رووی سیاسیشەوە تەفزیلی مەرجەعییەتی نەجەف بەسەر مەرجەعییەتی (قوم)دا بکەن.

**حەشدی شەعبی لەگەڵ ئەوەی هێزی سەرەکییە بۆ مانەوەی دەسەڵاتی عێراق، بەڵام پشتگیری خۆپیشاندەرانی شیعەش دەکات و، ئەوەی خۆپیشاندەرانیش دەیانەوێت، لەگەڵ ئامانجەکانی حەشدی شەعبی و هەڵوێستەکانی مەرجەعییەتی نەجەفیش پێچەوانە نییە**

**پەلاماردانەکانی خۆپیشاندەران بۆ سەر کونسوڵخانەی ئێران لە نەجەف و کەربەلا و سووتاندنی ئاڵای ئێران و وێنەی ئایەتوڵا خامەنەئی، ئایا ئەمە لە دژی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی وەک عەسائبی ئەهلی هەق دانانرێت کە خۆیان بە پاشکۆی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی دەزانن؟**

**هەندێک راپۆرتی سیاسی باس لەوە دەکەن، لە دوای نەمانی ئایەتوڵا خامەنەئی لە پۆستی مەرجەعییەتی قوم و رابەرایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەوا شێوازی بەڕێوەبردنی «حەوزەی عیلمییەی قوم» گۆڕانکاری بەسەردا دێت و، لەوانەیە بەو ئاراستەیە کار بکەن کە فرە مەرجەعیی شیعە بگۆڕن بۆ یەک مەرجەعی**

**پێش ئەوەی ئایەتوڵا خومەینی هەوڵەکانی خۆی بۆ حوکمڕانیی شیعە (ویلایەتی فەقیە) ئاشکرا بکات، «حەوزەی عیلمییەی قوم» و شای ئێران هیچ کێشەیەکیان نەبوو، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو تا ئەوکاتە رژێمی شای ئێران، حەوزەی عیلمییەی قومی بە هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتەکەی لە قەڵەم نەدەدا**

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا مەرجەعییەتی قوم بەوە رازی دەبێت کە مەرجەعییەتی نەجەف لەوان پایەدارتر بێت؟ بۆ ئەمەیان هەندێك راپۆرتی سیاسی باس لەوە دەکەن، لە دوای نەمانی ئایەتوڵا خامەنەئی لە پۆستی مەرجەعییەتی قوم و رابەرایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەوا شێوازی بەڕێوەبردنی «حەوزەی عیلمییەی قوم» گۆڕانکاری بەسەردا دێت و، لەوانەیە بەو ئاراستەیە کار بکەن کە فرە مەرجەعیی شیعە بگۆڕن بۆ یەك مەرجەعی، بەڵام مەرجەعییەتێکی دەستەجەمعیی ئەوتۆ کە نوێنەرانی شیعەی هەموو ئەو وڵاتانە بگرێتەوە کە پشتگیری لە فراوانکردنی باڵادەستیی شیعە دەکەن، ئەمەش چۆن مەرجەعییەتی ئێستای نەجەف مەرجەعییەتێکی دەستەجەمعییە و پێنج کەسایەتیی شیعەی جیاواز لەخۆدەگرێت، لە ئایندەدا ئەم رێچکەیە بە شێوەیەکی دیکە دووبارە دابڕێژدرێتەوە.

ئەم وەرچەرخانە کە تا بڵێیت سەرنجڕاکێشە و ئاشکراشە کە ئێستا لە ئێراندا سوپای پاسداران و ژەنڕاڵ قاسم سولەیمانی بە پراکتیکی نوێنەرایەتیی دیدوبۆچوونی مەرجەعییەتی قوم و عەلی خامەنەئی رێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران دەکەن، لە عێراقیشدا، ئێستا حەشدی شەعبی و هادی عامری سەرۆکی هاوپەیمانیی فەتح بە کردەیی نوێنەرایەتیی دیدوبۆچوونی مەرجەعییەتی نەجەف دەکەن و پێداگری لەسەر ئەوەش دەکەن، حەشدی شەعبی (کە لە بنەڕەتدا کۆپیی حزبوڵای لوبنان و سوپای پاسدارانە) و بە فەتوای ئایەتوڵا عەلی سیستانی دامەزراوە و جیاوازە لە سوپای پاسداران و میلیشیاکانی حزبوڵای لوبنانی و ئەرکی حەشدی شەعبی پارێزگاریکردنە لە دەوڵەتی عێراق، کە ئەم هێزە دەیەوێت بیگۆڕێت بۆ «دەوڵەتی حوسێن».

گۆڕینی دیدوبۆچوونەکانی مە ر جە عییە تـی شیعە، بەندە بە و



گۆڕانکارییانەی کە ژینگەی سیاسیی وڵات و دەوروبەر دەیهێنێتە ئاراوە، هەر بۆ نموونە: پێش ئەوەی ئایەتوڵا خومەینی هەوڵەکانی خۆی بۆ حوکمڕانیی شیعە (ویلایەتی فەقیە) ئاشکرا بکات، «حەوزەی عیلمییەی قوم» و شای ئێران هیچ کێشەیەکیان نەبوو، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو تا ئەوکاتە رژێمی شای ئێران، حەوزەی عیلمییەی قومی بە هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتەکەی لە قەڵەم نەدەدا، بەڵام کە ئەم هەوڵانە دەرکەوتن، ئایەتوڵا خومەینی کەوتە ژێر گوشار و بە ناچاری رووی کردە نەجەف، بەڵام کاتێك رژێمی بەعسیش زانی ئەو هەوڵانەی ئایەتوڵا خومەینی دەبێتە هاندەر بۆ شیعەکانی عێراق و مەترسی لە سەر رژێمی بەعس دروست دەکات، ئەوا رژێمی بەعسیش رێگەی نەدا ئایەتوڵا خومەینی لە عێراق بمێنێتەوە و ئەویش بە ناچاری بووە پەنابەر لە فەرەنسا و لە فەرەنساشەوە بە ناردنەوەی کاسێتی دەنگی بۆ ئێران و وەك ئەوەی محەمەد حەسەن هەیکەل ناوی لێناوە «تۆپەکانی ئایەتوڵا» توانی لە ساڵی ١٩٧٩ شای ئێران ناچار بکات کە وڵات بەجێبهێڵێت و سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی رابگەیەنێت.

دیارە لە عێراقی دوای ٢٠٠٣ پاش رووخانی رژێمی سەدام حوسێن و گەڕانەوەی ئایەتوڵا عەلی سیستانی بۆ عێراق، لەگەڵ ئەوەی رۆڵێکی گەورەی لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی عێراق هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا راستەوخۆ وەك ئایەتوڵا خامەنەئی خۆی تێکەڵاوی پرۆسەی سیاسیی عێراق نەکرد، بەڵام بە بیانووی مەترسیی تیرۆریستانی داعش تا رادەیەکی زۆر هەڵوێستی مەرجەعییەتی نەجەف گۆڕانکاری بەسەردا هات و، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بوو کە لە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق کە عەمار حەکیم سەرکردایەتی دەکرد، لێکترازان رووی دا و پاشان عەمار حەکیم رەوتی حیکمەی دامەزراند، لەگەڵ ئەوەی رەوتی حیکمە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرا کە خۆ جیاکردنەوە بوو لەو باڵەی (جەلالەدین سەغیر) کە تەواو پابەندبوونی خۆی بە ویلایەتی فەقیە راگەیاندبوو، سەرکەوتنی ئەو ئاراستەیەش لەناو هێز و لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراقدا دوو رێگەچارەی خستە بەردەم ئەو لایەنە شیعەیانە، یان ئەوەیە دەبێت بەم واقیعە سیاسییەی ئێستا رازی بن، یان واقیعە سیاسییەکە دەیانخاتە پەراوێزەوە. پێدەچێت هێز و لایەنە سیاسییەکانی شیعە بەشی هەرە زۆریان گەیشتبنە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت لەگەڵ ئەم واقیعە سیاسییەدا خۆیان بگونجێنن، هەر بۆیە لەناو ماڵی حەکیمەوە پشتگیری لە دەسەڵاتی سیاسیی ئێستای عێراق کرا و ماوەی ٤٥ رۆژ بۆ ئەنجامدانی چاکسازی بە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی درا.

لە نێو ئەم گۆڕانکارییانەدا و لەگەڵ ئەوەی مەرجەعییەت تا ئێستاش دەیەوێت وا پیشان بدات کە بە یەك مسافە لە نێوان خۆپیشاندەران و دەسەڵاتی سیاسیی ئێستای عێراقدا راوەستاوە و پشتگیری لە خواستی خۆپیشاندەرانی عێراق دەکات، بەڵام ئەو راستییەشی

**بیرکردنەوەی تازەی مەرجەعییەتی ئێستای نەجەف ئەوەیە کە چاکسازییەکان لەسەر دەستی ئەم دەسەڵاتە سیاسییەی ئێستای عێراق ئەنجام بدرێت، کە حەشدی شەعبی جڵەوگیری پرۆسەکەی کردووە، نەک ئەم دەسەڵاتە بگۆڕێت و دەسەڵاتێکی دیکە چاکسازییەکان ئەنجام بدات**



نەشاردۆتەوە، بیرکردنەوەی تازەی مەرجەعییەتی ئێستای نەجەف ئەوەیە کە چاکسازییەکان لەسەر دەستی ئەم دەسەڵاتە سیاسییەی ئێستای عێراق ئەنجام بدرێت، کە حەشدی شەعبی جڵەوگیری پرۆسەکەی کردووە، نەك ئەم دەسەڵاتە بگۆڕێت و دەسەڵاتێکی دیکە چاکسازییەکان ئەنجام بدات.

## ● خۆپیشاندانەکان و هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق

هەندێك لە چاودێران و هەروەها بەشێك لە سیاسەتمەدارانی دەستڕۆیشتووی شیعە کە ئێستا لەناو دەسەڵاتدان، کاتێك دێنە سەر پرسی هەموارکردنەوەی دەستوور و گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی لە عێراقدا، ئاماژە بەوە دەکەن، ئەم پرسە پەیوەندیی بە خۆپیشاندەرانەوە نییە و ئەوانەی کە خۆپیشاندان دەکەن، تەمەنیان لە نێوان ١٥ — ٢٥ساڵە و تەنانەت ناتوانن داوکارییەکانیان لە دەقێکی دەستووریدا چڕبکەنەوە، بەڵام خۆپیشاندەران کە بەشی هەرە زۆریان لاوەکانی عەرەبی شیعەن، زۆر بە راشکاوی نەك هەر داوای هەموارکردنەوەی دەستوور دەکەن، بەڵکو ئەو پەیماننامەیەشیان رەتکردەوە کە هێزە سیاسییەکانی عێراق هەفتەی رابردوو لە ماڵی عەمار حەکیم ئیمزایان کرد، هەروەها ئەو کۆبوونەوەیەشیان رەتکردەوە کە عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی عێراق لەگەڵ سەرۆك هۆزە عەرەبەکان ئەنجامی دابوو.

ئەمانە هەموویان پێکەوە چی دەگەیەنن؟ بێگومان مانای شاراوەی ئەم داواکارییانە لە بێدەنگیی میلیشیاکانی حەشدی شەعبیدا رەنگ دەداتەوە، کە نەك لە هەمبەر ئەم داواکارییە بێدەنگن، بەڵکو رۆڵی خۆشیان خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی پەرلەمانی عێراق لیژنەیەك بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور دروست بکات.

فالح فەیاز راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق، سەبارەت بەم لایەنە دەڵێت: دەستوور میکانیزمی تایبەتیی خۆی هەیە بۆ هەموارکردنەوە و، دەبێت بەپێی ئەم میکانیزمانە هەموار بکرێتەوە. دیارە ئەم پەیامەی فەیاز کە بە حیساب پەیامێکە بۆ خۆپیشاندەران، بەڵام ناواخنی پەیامەکە ئاراستەی هەرێمی کوردستانە و دەیەوێت دڵنیامان بکاتەوە، کە تەنانەت ئەگەر دەستووریش لەبەر گوشاری خۆپیشاندەران هەموار بکرێتەوە، ئەوا مافەکانی هەرێمی کوردستان لە دەستوورەکەدا ناگرێتەوە، پێدەچێت هەرێمی کوردستانیش دڵنیایی تەواوی لەسەر ئەم قسانەی فەیاز وەرگرتبێت، بۆیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان راشکاوانە رایگەیاند کە پشتگیریی هەموارکردنەوەی هەر ماددەیەکی دەستووری دەکەین، کە ببێتە هۆکاری سەقامگیریی عێراق و وەڵامدانەوەی خواستی هاووڵاتیان.

هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی هەر لە سەرەتای دامەزراندنەوەی بە حیساب (عێراقی نوێ)وە هەموو ئەو ئەگەرانەی لەبەرچاو گرتووە، بەوەی ئەگەر نەتوانرا لە چوارچێوەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥، عێراق بکرێتە دەوڵەتێکی فیدڕاڵی، ئەوا دەبێت بە دیل و ئەڵتەرناتیڤی دیکە هەبن، یەکێك لەو ئەلتەرناتڤانەی کە هەرێمی کوردستان پشتر دیراسەی کردووە، بەدیلەکە ئەوەیە، پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بەتایبەتی شیعە کە ئێستا بە حوکمی ئەوەی دەسەڵاتی عێراقیان بەدەستە، ئەگەر ویستیان ئەم دەستوورە هەموار بکەنەوە و سیستمی حوکمڕانیی عێراق بگۆڕن، بۆ ئەو سیستمە سیاسییەی کە خۆیان ئامانجیانە، ئەوا دەبێت لەسەر بنەمایەکی تازە پەیوەندییەکانی بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان رێکبخرێنەوە، ئەوجا ئەم پەیوەندییانە لە چوارچێوەی سیستمێکی تازەی (فیدڕاڵی) دەبێت کە هەرێمێك و دەوڵەتێك لە چوارچێوەی دوو دەستووری جیاواز پێکەوە کۆدەکاتەوە، یان سیستمی کۆنفیدڕاڵی کە دیسان لەچوارچێوەی یەك دەوڵەتدا دوو سیستمی جیاوازی سیاسی کۆ دەکاتەوە.

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەفتەی رابردوو لە میانەی بەشداریکردنی لە کۆنفرانسێکی زانکۆی ئەمریکی کوردستان — دهۆك، راشکاوانە هەڵوێستی هەرێمی کوردستانی سەبارەت بە هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق راگەیاند و ئاماژەی بەوە کرد، قووڵایی ستراتیژی هەرێمی کوردستان، عێراقە، بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێت لە چوارچێوەی میکانیزمی دەستووری و دانوستاندنی سیاسی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق رێکبخرێت.

**نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەفتەی رابردوو لە میانەی بەشداریکردنی لە کۆنفرانسێکی زانکۆی ئەمریکی کوردستان — دهۆک، راشکاوانە هەڵوێستی هەرێمی کوردستانی سەبارەت بە هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق راگەیاند و ئاماژەی بەوە کرد، قووڵایی ستراتیژی هەرێمی کوردستان، عێراقە، بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێت لە چوارچێوەی میکانیزمی دەستووری و دانوستاندنی سیاسی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق رێکبخرێت**

**ئەنجامدانی ریفراندۆمیش لە ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧، هەر لەسەر ئەو بنەمایە بوو، کە ئەگەر عێراق نایەوێت ببێتە دەوڵەتێکی فیدڕاڵی و تەواوی دەستووری ٢٠٠٥ وەک خۆی جێبەجێ بکات، ئەوا هەرێمی کوردستان رێگر نابێت، عەرەبی عێراق چ سیستمێکی سیاسی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، بەڵام سەبارەت بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەبێت دانوستاندنی تازە و میکانیزمی تازە بدۆزرێتەوە**

بێگومان ئەنجامدانی ریفراندۆمیش لە ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧، هەر لەسەر ئەو بنەمایە بوو، کە ئەگەر عێراق نایەوێت ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و تەواوی دەستووری ٢٠٠٥ وەك خۆی جێبەجێ بکات، ئەوا هەرێمی کوردستان رێگر نابێت، عەرەبی عێراق چ سیستمێکی سیاسی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، بەڵام سەبارەت بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەبێت دانوستاندنی تازە و میکانیزمی تازە بدۆزرێتەوە، ئەم هەنگاوەی هەرێمی کوردستان کە لەو کاتەدا لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی دژایەتییەکی گەورەی کرا و حکومەتی عێراقیش وەك پڕوپاگەندە بۆ ئامانجەکانی خۆی پابەندبوونی خۆی بە دەوڵەتی فیدراڵی دووپات کردەوە، ئەوا لەگەڵ ئەوەی توانییان لە ژێر پەردەی پابەندبوون بە دەستوور کۆمەڵێك گەمارۆ بخەنە سەر هەرێم و هەوڵیشیاندا ئەم هەرێمە داگیر بکەنەوە، بەڵام ئەم سیناریۆیە لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگە بەتاڵ کرایەوە و لەسەر ئاستی دیپلۆماتییەتی هەرێمیش ئامادەباشی پیشان درا، ئەگەر عێراق ئامادەیە دەستوورەکە جێبەجێ بکات، ئەوا کوردستان نەك هەر لاری نییە، بەڵکو پشتیوانیشی دەکات، ئەم دیپلۆماتییەتە چالاکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاوکێشە سیاسییەکانی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و جیهانیش گۆڕی، هەر بۆیە لە ئێستادا کە باس لە هەمواركردنەوەی دەستووری عێراق دەکرێت، هەڵوێستی هەرێمی کوردستان ئاشکرایە و رایگەیاندووە، ئەگەر ئەم هەمواركردنەوەیە بۆ ئەوەیە باری گوزەرانی خەڵکەکەی خۆتان چاك بکەن، فەرموون ئێمەش پشتگیریتان دەکەین، بەڵام ئەگەر دەستکاریکردنی مافەکانی گەلی کوردستانە، ئەوا ناچارین بەرگری لەو مافانە بکەین.

لەم روانگەیەوە پێناچێت دانوستاندنی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق (ئەگەر لە حاڵەتێکدا دەستوور هەموار کرایەوە)، هێندەی دانوستانەکانی دارشتنی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بۆ لایەنی کوردستان قورس بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە جێبەجێکردنی ئەم دەستوورەی ئێستای عێراق زامنی یەکپارچەیی خاکی عێراقە، کە ئەم دەستوورە نەما، یان ناوەڕۆکەکەی گۆڕانکاری بەسەردا هات، ئەوا تەفسیری مانەوەی عێراقیش بە یەکپارچەیی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، یان دەبێت لە رێگەی دیالۆگ و دانوستاندنی ئاشتییانە پەیوەندییەکی تازە رێکبخرێتەوە، یان دەبێت پەنا بۆ هێزی سەربازی ببرێت، سەبارەت بە رێگەی دیالۆگ و ئاشتییانە کوردستان پێشوازی لەم رێگەچارەیە دەکات و هەرگیز بیر لە چارەسەری سەربازی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان ناکاتەوە، لایەنی بەرامبەریش پێناچێت جارێکی دیکە بیر لە چارەسەری سەربازی بۆ کێشەکان بکاتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە کاتێکی زۆر ناسك و هەستیاری بارودۆخی نائاسایی هەرێمی کوردستاندا، رێگەی سەربازییان تاقی کردەوە، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو هەوڵەی مایەپووچ کرد، بۆیە ئەگەرەکان بەو ئاراستەیەن کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، مێزی دانوستاندن بۆ هەردوولا باشترین رێگە چارە بێت.

کەواتە داواکاریی خۆپیشاندەران بۆ هەمواركردنەوەی دەستووری عێراق، هەرگیز داواکارییەکی عەفەوییانەی خۆپیشاندەرانی تەمەن ١٥-٢٥ ساڵی عێراق نییە، بەڵکو ئەم داواکارییە لەناو بیرکردنەوەی تازەی مەرجەعییەتی شیعەی نەجەف بە ئاستێك گەشەی کردووە، کە زۆر زیرەکانە تێکەڵاوی داوای خۆپیشاندەران کراوە، لەسەر ئاستی مەرجەعییەت و دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق پشتگیری لێ دەکرێت و لیژنەی هەمواركردنی لە ناو پەرلەماندا بۆ دروست کراوە، بەڵام ئەوەی لە پرۆسەی سیاسی ئەمجارەی عێراقدا بۆ پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا گەشبینی دروست کردووە، ئەوەیە کە ئەوانەی ئێستا دەسەڵاتدارن لە عێراق و ئامانجیانە سیستمی سیاسیی عێراق بگۆڕن بۆ ئەو شێوەی کە خۆیان مەبەستیانە، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر رێز لە مافەکانی هەرێمی کوردستان نەگرن و بە دیالۆگ و دانوستاندنی ئاشتییانە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق رێکنەخەنەوە، ئەوا ئەو عێراقەی شەڕی لەسەر دەکەن، دەیدۆڕێنن.

**لە کاتێکی زۆر ناسك و هەستیاری بارودۆخی نائاسایی هەرێمی کوردستاندا، رێگەی سەربازییان تاقی کردەوە، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو هەوڵەی مایەپووچ کرد، بۆیە ئەگەرەکان بەو ئاراستەیەن کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، مێزی دانوستاندن بۆ هەردوولا باشترین رێگە چارە بێت**

**ئەوانەی ئێستا دەسەڵاتدارن لە عێراق و ئامانجیانە سیستمی سیاسیی عێراق بگۆڕن بۆ ئەو شێوەی کە خۆیان مەبەستیانە، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر رێز لە مافەکانی هەرێمی کوردستان نەگرن و بە دیالۆگ و دانوستاندنی ئاشتییانە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق رێکنەخەنەوە، ئەوا ئەو عێراقەی شەڕی لەسەر دەکەن، دەیدۆڕێنن**



شیروان میرزا

ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# لێکتێگەیشتنی باش لەنێوان هەرێم و بەغدا لەسەر کێشە داراییەکان دروست بووە

## داواکاریی خۆپیشاندەران گۆڕانکاریی ریشەیی لە بودجەی ٢٠٢٠ی عێراقدا دروست دەکات

**عێراق بە بارودۆخێکی هەستیار و ناسەقامگیردا تێپەڕ دەبێت، ئەمە سەرەڕای کەڵەکەبوونی چەندین کێشە و گرفتی دارایی و ئابووری و لاوازیی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان، بە رادەیەك هاووڵاتیانی عێراق متمانەیان بەو گۆڕانکارییانە نەماوە کە ئێستا لە حکومەت و پەرلەمان ئەنجام دەدرێن، هەموو ئەم بارودۆخەی خۆپیشاندانەکان و ئاڵۆزبوونی دۆخە سیاسی و ئابوورییەکە، لە کاتێکدایە کە حکومەتی عێراق لە سەروبەندی ئامادەکردن و بەرزکردنەوەی پڕۆژەیاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ دایە و وا چاوەڕوان دەکرێت، لەناو هۆڵی پەرلەماندا گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆری لەسەر بکرێت، بەتایبەتی کە خۆی لەخۆیدا بودجەکە زیاتر بودجەیەکی بەکارهێنەرە، نەك بودجەی وەبەرهێنان، ئەمە وێڕای ئەوەی بودجەکە بە کورتهێنانێکی گەورەوە رەوانەی پەرلەمان دەکرێت، بۆ قسەکردن لەسەر پڕۆژە یاسای بودجە و چەند تەوەرەیەکی دیکەی پەیوەندیدار چەند پرسیارێکمان ئاراستەی شیروان میرزا ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** عێراق بە بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆز و خراپدا تێپەڕ دەبێت، کە بەشێکی زۆری بە هۆی کەڵەکەبوونی کێشە دارایی و ئابوورییەکانەوەیە، کە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق وەکو میرات بۆ حکومەتەکەی دکتۆر عادڵ عەبدولمەهدی بەجێیان هێشتووە، ئایا تاچەند ئەم پشێوی و ناسەقامگیرییە و بەتایبەتی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران کاریگەرییان لەسەر گۆڕانکاری لە پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ دەبێت؟**

- پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ ئێستا لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقە و ناردنی بۆ پەرلەمانی عێراق بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە دواکەوتووە، لەکاتێکدا دەبوایە ئەو پڕۆژەیاسایەی بودجەی ٢٠٢٠ پێش ١٥ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ بگەیشتایەتە پەرلەمانی عێراق، ئێستا چاوەڕوان دەکرێت لەم هەفتەیەدا، یان لە ١٠ رۆژی داهاتوودا پڕۆژە یاساکە بگاتە پەرلەمان بۆ ئەوەی وتووێژی لەسەر بکرێت و دواجار پەسەند بکرێت. هەموو بۆچوون و پێشبینییەکان بەرەو ئەوە دەچن کە زۆر زەحمەتە ئەو پڕۆژە یاسایەی بودجەی ساڵی ٢٠٢٠هەمان پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٩ بێت، چونکە پێویستی بەوە هەیە گۆڕانکاری تێدا بکرێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و لە پەرلەمانیش بەڵێنی زۆر بە خۆپیشاندەران دراوە، هەموو ئەو بەڵێنانەش پێویستی بە شایستەی دارایی و تەرخانکردنی بڕە پارە هەیە، کە دەبێت لە رووی داراییەوە لە ناو پڕۆژە یاساکەدا جێگای بکرێتەوە، دەنگدانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر پڕۆژە یاسای خانەنشینی هەر لە چوارچێوەی ئەو بەڵێن و هەنگاوانەدا دێت، بەتایبەتی دوای بڕیاری خانەنشینی، نزیکەی ٢٠٢ هەزار کەس خانەنشین دەکرێن و لەبری ئەم فەرمانبەرانەش دەبێت خەڵکی دیکە دابمەزرێن و لە بودجەکەشدا جێگای بۆ بکرێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەم گۆڕانکارییانەی دوایی و بارودۆخەکە و بەڵێنەکانی حکومەت و پەرلەمانیش، ئەوە دەخوازێت کە پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ لەچاو پڕۆژە یاسای ساڵی ٢٠١٩ زۆر جیاواز بێت. لەلایەکی دیکەوە خۆپیشاندانەکان و ئەو بارودۆخە نوێیەی کە هاتۆتە پێشەوە گۆڕانکاریی زۆریان لەسەر رەشنووسی ئەو پڕۆژە یاسایەی بودجە کردووە، کە نوێنەرانی ئێمەش لە لیژنەی دارایی تێیدا ئامادە بوون، ئێستا بارودۆخەکە روون نییە و چاوەڕوان دەکەین شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکات و بزانین لەسەر چی گفتوگۆیان کردووە، یان لەسەر چی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی رێککەوتوون، ئەو کاتە دەکرێت گفتوگۆ لەسەر هەموو ئەو بوارانە بکەین.

*** عێراق خۆی لەخۆیدا لە بارودۆخێکی ئابووریی باشدا نییە و هەمووان باس لە کێشەی کورتهێنانی بودجە دەکەن، ئایا تاچەند حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی لە توانایدا هەیە هەموو ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکات، ئەمە لە کاتێکدا پارەی عێراق بەهەدەردانێکی زۆری تێدا کراوە؟**

- سەرەتا من لەو باوەڕەدا نیم ئەم کورتهێنانەی بودجە کە باسی لێوە دەکرێت، کورتهێنانێکی راستەقینە بێت، هەر خۆی لەخۆیدا ئەمە

**دوای بڕیاری خانەنشینیی نزیکەی ٢٠٢ هەزار کەس خانەنشین دەکرێت و لەبری ئەم فەرمانبەرانەش دەبێت خەڵکی دیکە دابمەزرێن و لە بودجەکەشدا جێگای بۆ بکرێتەوە**

کورتهێنانێکی پێشبینی کراوە، بەڵام ئەم هەموو داواکارییانەی خۆپیشاندەران کە بەڵێنی جێبەجێکردنی بەشێکی زۆری دراوە، جگە لەوەی کاتێکی زۆری دەوێت و پێویستی بە پارەیەکی زۆر هەیە، بارگرانییەکی زیاتریش دەخاتە سەر بودجەی ٢٠٢٠ی عێراق، سەبارەت بە گەندەڵییش بەداخەوە دۆسیێ گەندەڵی لە عێراق بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو بووە و ڕۆچۆتە ناو هەموو دامەزراوەکانی وڵاتەوە و بەشێکی زۆری ئەم گەندەڵییەش پاساوی یاسایی بۆ دۆزراوەتەوە، هەربۆیە چارەسەرکردنی گەندەڵی ئاسان نییە و پێویستی بە حکومەت و دەسەڵاتێکی حوکمڕانیی بەهێز و دادگایەکی بەهێز هەیە، بۆ ئەمەش پێویستیمان بە دروستکردنی ئەنجومەنی باڵای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و دەستکراوەیی ئەنجومەنی دادوەری دەبێت، وردە وردەش بەرپرسە باڵاکانی پێشووی عێراق بە هۆکاری گەندەڵی دەدرێنە دادگا و دەستگیر دەکرێن، هەربۆیە جگە لەم هەنگاوانە بۆ چاکسازی و ڕاگرتنی گەندەڵی، ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی عێراق هاوکاریی عادل عەبدولمەهدی بکەن، پێم وایە هەنگاوی باش دەنرێت، چونکە تا ئێستا لە عێراقدا گرفتی بەڕێوەبردنی وڵات هەیە، بەڕێوەبردنی وڵاتیش بەمشێوە عەقڵییەتەوە ئاسان نییە، تەنانەت ئەگەر لە کارنامەکەی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی دیدگایەکی ئابووریش هەبێت، لەوانەیە لە واقیعدا نەتواندرێت جیبەجێ بکرێت.

*** وەك ئاشکرایە ئەگەر لایەنە سیاسییەکان لە نێو خۆیاندا ڕێك بکەون، گرفت و کێشەکانی ناو پەرلەمانیش کەمتر دەبنەوە و گفتوگۆکان بە ئاقارێکی باشتردا دەڕۆن، ئایا دانیشتن و کۆبوونەوەکانی ئەم دواییەی بەغدا لەنێوان حزبە سیاسییەکاندا تاچەند کاریگەریی لەسەر چارەسەرکردنی کێشە دارایی و ئابوورییەکان و داڕشتنەوەی بودجە هەیە؟**

- بە شێوەیەکی گشتی لە ئێستادا کورد بەشێکن لە هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق و کۆبوونەوە و گفتوگۆکانی ئەم دواییەی حزبە سیاسییەکانیش لە بەغدا کاریگەریی باشیان دەبێت لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، کورد لەگەڵ چاکسازیدایە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا پشتگیری و پاڵپشتیی کورد نەك تەنیا لە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی، بەڵکو لە هەر حکومەتێك لە بەغدا، لەپێناو ئەوەدایە بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان و زامنکردنی شایستە داراییەکان و پاراستنی کیانی هەرێمی کوردستان پارێزراو بێت.

*** ئایا ڕۆڵی پەرلەمانتارانی کوردستان لە ئاشکراکردن و بەدواداچوونی دۆسیێیەکانی گەندەڵی تاچەند گرنگە و لەمبارەیەوە چ هەنگاوێك نراوە؟**

- بەپێی ئەوەی پەرلەمانتارانی کوردستان ئەندامن لە لیژنە جیاوازەکانی پەرلەمان، بۆیە هەر دۆسیێیەك بێتە پەرلەمان، پەیوەندیی بە کام لیژنەوە هەبێت، پەرلەمانتارانی کورد لەو لیژنەیەدا کاری لەسەر دەکەن، خۆشبەختانە ئەوەی لە ئێستادا هەیە بەشێکی هەرە زۆری پەرلەمانتارانی کوردستان دەستیان نەچۆتە ناو سەفەقاتی گەندەڵی و نەبوونەتە هۆکاری ئەو پشێوییەی کە ئێستا لە بەشێکی زۆری شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق ڕوودەدەن، بۆیە پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا بێ منەتانە و بە دەنگێکی بوێرەوە ڕووبەڕووی گەندەڵکاران دەبنەوە و کەسانێکن دەتوانن بەرگری لە بەرژەوەندیی گشتی بکەن.

*** ئێوەی پەرلەمانتارانی کوردستان بەتایبەتی لە لیژنە پەیوەندیدارەکانی دارایی و نەوت، تاچەند لە مەلەفی نەوت و گەندەڵییەکانی ئەم بوارە ئاگادارن؟**

- مەلەفی نەوت وەکو هەموو مەلەفێکی دیکە گەندەڵیی گەورەی تێدایە، هەرچەندە شەفافییەت لەم مەلەفەدا نییە، بەڵام حکومەتی عێراق مانگانە ئامارەکان ڕادەگەیەنێت.

*** پێش خۆپیشاندانەکان گفتوگۆ و دانوستانەکانی نێوان هەرێم و بەغدا هەنگاوی باشیان بڕیبوو، لە ئێستاشدا دووبارە ئەو گفتوگۆ و دانوستانانە دەستیان پێکردۆتەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە کوێ گەیشتوون؟**

- چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا پێویستی بە زیاتر لێکنزیکبوونەوە و دانیشتن و گفتوگۆی بەردەوام هەیە، بەڵام ئەوەی ئێستا هەستی پێ دەکرێت، ئەوەیە کە هەردوو حکومەت پێویستیان بە پشتیوانیکردنی یەکتر هەیە، بەغدا پێویستی بە پشتیوانیی کورد هەیە، هەولێریش پێویستی بەوە هەیە لەگەڵ بەغدا ڕێکبکەوێت و شایستە داراییەکانی خۆی و چۆنیەتی ئیدارەدانی مەلەفی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و مەلەفی دەستووری لەگەڵ بەغدا یەکلا بکاتەوە، لانیکەم بۆ ئەوەی جۆرێك لە سەقامگیریی ئابووری لە هەرێمی کوردستان دروست ببێت و هەرێمی کوردستان بتوانێت دەست بکات بە پڕۆژەی گەورە و بونیاتنانی ئابووریی وڵات، دەبێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا بەهێز بکات.

**دۆسیێ گەندەڵی لە عێراق بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو بووە و ڕۆچۆتە ناو هەموو دامەزراوەکانی وڵاتەوە و بەشێکی زۆری ئەم گەندەڵییەش پاساوی یاسایی بۆ دۆزراوەتەوە**

**پاڵپشتیی کورد لە هەر حکومەتێک لە بەغدا، لەپێناو ئەوەدایە بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان و زامنکردنی شایستە داراییەکان و پاراستنی کیانی هەرێمی کوردستان پارێزراو بێت**

**پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا بێ منەتانە و بە دەنگێکی بوێرەوە ڕووبەڕووی گەندەڵکاران دەبنەوە و کەسانێکن دەتوانن بەرگری لە بەرژەوەندیی گشتی بکەن**

**مەلەفی نەوت وەکو هەموو مەلەفێکی دیکە گەندەڵیی گەورەی تێدایە، هەرچەندە شەفافییەت لەم مەلەفەدا نییە، بەڵام حکومەتی عێراق مانگانە ئامارەکان ڕادەگەیەنێت**

*** لەناو پەرلەماندا تاچەند تێبینی ئەوە کراوە کە ئەگەر خۆپیشاندانەکان بەردەوام بن و دۆخی عێراق سەقامگیر نەبێتەوە و پەسەندکردنی بودجە دوابکەوێت، ئەوا دۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت و حکومەتیش بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی دەستکراوە نابێت؟**

- بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان خۆی لە خۆیدا کاریگەریی خراپی لە سەر حکومەت و پڕۆژەکانی کردووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەئاگاهێنانەوەی حکومەتە، بەوەی جۆرێکە لە پەیامێکی توند کە لەناو خەڵکدا چی دەگوزەرێت و بارودۆخی وڵات چیی بەسەر هاتووە و خەڵکی لە چ باروگوزەرانێکدایە، چونکە نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، لە سەرەتادا خۆپیشاندانەکان ناڕەزایەتی بوون لە بەرامبەر خزمەتگوزاری و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و دەستەبەرکردنی هەلی کار و باشترکردنی باروگوزەرانی خەڵك و جێبەجێکردنی پڕۆژەی خزمەتگوزاری بوو، دواجار هەندێك داواکاریی سیاسی تێکەوت، بە شێوەیەکی گشتی ئەمە پەیامێکی باش بوو حاڵەتێکی دووسەرەی لێ کەوتۆتەوە، واتا لە سەرێکەوە ڕاستە کاریگەری لەسەر حکومەت کردووە و بەشێك لە پڕۆژەکانی حکومەتی ئیفلیج کردووە، بەڵام دواجاریش بەئاگاهێنانەوەی حکومەتە، ئەمڕۆ خەڵکی لەسەر شەقامە و داواکاریی زۆری هەیە، ڕاستە بەشێك لەو بڕیارانەی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی داویەتی، بڕیاری باشن، بەڵام ستراتیژی نین و لە داهاتوودا کاریگەریی دورمەودایان لەسەر دەوڵەت دەبێت، هەرچۆنێك بێت عادل عەبدولمەهدی خۆی کەسێکی ئابوورییە و هەنگاوی باشی ناوە، وەکو ئەوەی بڕیاری کۆمەڵێك پڕۆژەی ستراتیژیی گەورەی داوە، بەڵام لە ئەرزی واقیعدا ڕەنگە نەتوانێت جێبەجێیان بکات.

*** ئێستا زۆر لە لایەنە سیاسییەکان دەیانەوێت هەموو داواکارییەکانی خۆپیشاندەران بەلاڕێدا بەرن و لە هەموارکردنەوەی دەستوور و گۆڕینی سیستەمی حکومڕانیدا بچووکی بکەنەوە، ئایا دۆسیێ هەموارکردنەوەی دەستوور بە کوێ گەیشتووە؟**

- لیژنە بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور دامەزراوە و شەش ئەندامی کورد لە لیژنەکەدایە و لیژنەیەکی فراوانە و کار لەسەر دیاریکردنی ئەو ماددانە دەکەن کە پێویستیان بە هەموارکردنەوە هەیە، بەپێی ئەو قۆناغەی کە ئێستا عێراقی تێدایە، دیارە هەموارکردنەوەی دەستوور کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی کە نووسینەوەی دەستوور هەر لە سەرەتادا بە شێوەیەك بووە کە بەرژەوەندیی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی تێدا تۆمارکراوە، دەستبردن بۆ مافە دەستوورییەکانی ئەم نەتەوە و ئایین و ئایینزایانە وادەکات ئەمانە دژی ڕابوەستنەوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا جۆرێك لە زەمانەتی داوەتێ کە دەستکاریکردنی دەستوور کارێکی هێندە ئاسان نییە، کورد لە بەرامبەر دەستکاریکردنی دەستوور بە هەستیارییەوە مامەڵە دەکات و پێی باشە هەندێك ماددە و بڕگە دەستکاری بکرێت، کە بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکی تێدایە، بەڵام دەست نەبرێت بۆ بەرژەوەندیی گشتی و فیدراڵی و مافی گەلی کوردستان و دیموکراتییەت، واتە دەستکارییەکە بە شێوەیەك نەبێت بمانگەڕێنێتەوە بۆ زەمەنی دیکتاتۆریەت و مەرکەزییەت و تاکڕەوی.

*** هەر سەبارەت بە ڕێککەوتنەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، ئایا پێشبینیی ئەوە دەکرێت کە شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە پڕۆژە یاسای بودجە پارێزراو بێت و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانیش لە بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ جێگیر بکرێت؟**

- لەوە دەچێت زۆر ئاسان نەبێت هەمان بەرژەوەندییەکانی کورد لە بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ وەکو بودجەی ساڵی ٢٠١٩ جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەوەی دڵخۆشکەرە ئەوەیە کە لێکنزیکبوونەوە و گفتوگۆ هەیە و هەرێمیش لە بەرامبەر شایستە داراییەکان و داواکارییەکانی ئامادەیە نەوت ڕادەستی بەغدا بکات، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە لە هەفتەی داهاتوو کۆبوونەوەکانی داهاتووی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی مەرکەزی عێراق بە کوێ دەگات. هەر خۆی لە خۆیدا لە ساڵی ٢٠١٨ـەوە بڕێك پارە بۆ هەرێمی کوردستان هاتووە لە بەرامبەر ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان و نەوتی کەرکووکیش لە عێراق لە ڕێگەی بۆرییەکانی هەرێمی کوردستانەوە ڕەوانەی تورکیا دەکرێت، ئەمە جۆرێکە لە ڕێککەوتنێکی سەرەتایی، بەوەی هەرێم و بەغدا پێویستە هەماهەنگی و هاوکاریی یەکتر بکەن لە ستراتیژەکردنی ئابووریی وڵاتدا، خۆ ئەگەر بتواندرێت ئەمە بەرەوپێشەوە ببردرێت و هەردوو حکومەتی هەرێم و بەغدا زیاتر لێکتێگەیشتنیان هەبێت و باشتر هاوکاریی یەکتر بکەن، بێگومان بە شێوەیەکی گشتی هەموو وڵات قازانج دەکات و تەکامولێکی ئابووری لەنێوان هەردوو لادا دروست دەبێت.

**بەغدا پێویستی بە پشتیوانیی کورد هەیە، هەولێریش پێویستی بەوە هەیە لەگەڵ بەغدا ڕێکبکەوێت و شایستە داراییەکانی خۆی و چۆنیەتی ئیدارەدانی مەلەفی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و مەلەفی دەستووری لەگەڵ بەغدا یەکلا بکاتەوە**

**عادل عەبدولمەهدی خۆی کەسێکی ئابوورییە و هەنگاوی باشی ناوە، وەکو ئەوەی بڕیاری کۆمەڵێک پڕۆژەی ستراتیژیی گەورەی داوە، بەڵام لە ئەرزی واقیعدا ڕەنگە نەتوانێت جێبەجێیان بکات**

**نووسینەوەی دەستوور هەر لە سەرەتادا بە شێوەیەک بووە کە بەرژەوەندیی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی تێدا تۆمارکراوە، دەستبردن بۆ مافە دەستوورییەکانی ئەم نەتەوە و ئایین و ئایینزایانە وادەکات ئەمانە دژی ڕابوەستنەوە**


**کورد لە بەرامبەر دەستکاریکردنی دەستوور بە هەستیارییەوە مامەڵە دەکات و پێی باشە هەندێک ماددە و بڕگە دەستکاری بکرێت، کە بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکی تێدایە، بەڵام دەست نەبرێت بۆ بەرژەوەندیی گشتی و فیدراڵی و مافی گەلی کوردستان و دیموکراتییەت نەبرێت**

# دەربارەی (یەکێتیی کوردی)ی سووریا

**کێشەی کوردی سووریا و قەیرانی شەرعییەتی بزووتنەوەکەیان، خۆیان لە حزبەکانی (هەردوو ئەنجومەن- تەڤدەم، یان گرووپەکانی پەکەکە و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی)دا دەبیننەوە**

لە دەستپێکدا، پێویستە روونی بکەینەوە کە حزبە کوردییەکانی سووریا کە بە گوفتار و کردار لە بەرژەوەندییەکانی کوردەوە سەرچاوە دەگرن، هەرچەندە هەڵقوڵاوی ناوەند و ئایدیۆلۆژیای دەرەوە نین، تا لەگەڵ سیاسەتەکانیان کۆك بین، یان جیاواز، بەڵام هەموویان بەشێوەیەکی گشتی بەشێکن لە بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد، کە لە سرووشتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییاندا هەمەجۆرن، چ لە رووی پێگەی چینایەتی، یان بەرژەوەندیی تایبەتی و فیکر و بۆچووندا، کە دواجار ئامانجگەلێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، هەروەها لە بواری بەرپرسیارێتی لە شکست و زیان گەیاندندا، نابێت هەموو حزبەکان بخەینە یەك خانەوە، لە هەمان کاتیشدا پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو سەرکردایەتییانەی کە بەرپرسن لە دەرکردنی بڕیار و سوودمەندن لەلایەك، بنکە و لایەنگرانیان لە لایەکی دیکەوە.

ئەوەی کە پەیوەستە بە کێشەی یەکێتیی بزووتنەوەکە، ئەوا شتەکان دیارو ئاشکران، بە شێوەیەك کە ئێمە دەستپێشخەریمان کردو بیروبۆچوونی خۆمان بە درێژایی پێنج ساڵی رابردوو وەك پرۆژەیەکی تەواو و نەخشەڕێگا بە ناوی (بزاڤ) بڵاوکردەوە، هەروەها سەدان دیداری راوێژکاریمان لە ناوەوە و دەرەوە بەڕێوە برد، لەگەڵ چەندین لایەنی پەیوەندیدار و شەریك و دۆست و برا گەنگەشەی ئەو پرسەمان کرد، لەوانەش دامەزراوەکانی سەر بە یەکێتیی ئەورووپا، سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە جارێکیش رامانگەیاند و ئەمڕۆش دووپاتی دەکەینەوە کە کێشەی کوردی سووریا و قەیرانی شەرعییەتی بزووتنەوەکەیان، خۆیان لە حزبەکانی (هەردوو ئەنجومەن- تەڤدەم، یان گرووپەکانی پەکەکە و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی)دا دەبیننەوە، کە هەردووکیان بەرپرسن لە مەینەتیی کوردی سووریا و دابەشبوونی بزووتنەوەکەیان، رەوتی رووداوەکانیش هەر لە سەرهەڵدانی شۆڕشی سووریا لە بەهاری ساڵی ٢٠١١وە تا ئێستاش دەیسەلمێنێت کە ململانێیان لەسەر دەسەڵاتە، هەروەها لەسەر رێژەی پشکێنەی بەڕێوەبردنی هەندێ ناوچەی کوردی بووە، نەك لەسەر چۆنێتیی بەهێزکردن



سەلاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

و یەکگرتن و تازەکردنەوە و بە شەرعییەتکردنی بزووتنەوەکە.

لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا، برایان لە هەرێمی کوردستانی عێراق چەندین جار دەستپێشخەرییان کردووە و بۆ لێك نزیك کردنەوەی بیروبۆچوونی نێوان ئەو دوو حزبە، لە رێگەی رێکەوتننامەکانی هەولێر و دهۆك، کە بێ سوود بوون، بەڵام ئێمە هیچ گرنگییەکمان لە حزبەکانی نێوان ئەو دوو ئەنجومەنە نەبینی، تەنانەت بە ئاماژەیەکیش کە گوزارشت لە یەکێتیی بزووتنەوەی کوردی بکات، هەروەها هیچ پرۆژە، یان پێشنیارێکیان لەم رووەوە دەرنەبڕیوە، بەڵکو هەموو بانگەوازەکانیان رەتکردۆتەوە، یان پشتگوێیان خستووە، لەوانەش پرۆژەی بزاف، ئەوەش لەبەر ئەوە بووە کە هەر لایەنێك خۆی بە تاکە نوێنەری شەرعیی کوردانی سووریا زانیوە، خۆی لە دیدگای واقیعەوە بەرزتر پیشانداوە، هاوکات بەرامبەرەکەی بە جیاوازیی فیکری و سیاسی رەتکردۆتەوە.

بەر لە چەند رۆژێك دەزگاکانی راگەیاندن لێدوانێکی (ژەنەراڵ مەزڵووم) فەرماندەی سەربازیی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە)یان بڵاوکردەوە، زۆر کەس بە شێوەی جیاواز لێکیان داوەتەوە، لە بانگەوازی حزبە کوردییەکان بۆ یەکێتی، بۆ رێککەوتن لەگەڵ ئەنەکەسە، بۆ کۆنگرەی حزبەکان، یان هەموو لایەك، بە پێچەوانەی کۆمێنتە تاکە کەسییەکانی فەیسبوك کە هەندێکیان لەو پەڕی گەشبینیدا بوو، بەڵام هیچ هەڵوێستێکیی فەرمیی بە ئاشکرا و روون لە ئەنەکەسە و هی دیکە دەرنەچووە، بۆیە گرنگە ئەم روونکردنەوەیە رابگەیەنین:

یەکەم/ بانگەوازی فەرماندەی هێزەکانی سووریای دیموکرات، کە رێکخراوێکی سەربازییەو کورد-پەکەکە و عەرەب و کریستیان و تورکمان بەپێی دەستنیشانکردنی سەرکردایەتییەکەی دەگرێتەوە، پەیوەست نییە بە یەکێتیی بزووتنەوەی کوردیی سووریا، بەڵکو بانگەوازە بۆ ئەوەی هەمووان پەیوەندی بەو رێکخراوەوە بکەن، تاکو بیسەلمێنێت بۆ کۆمەکبەخشەکانی بیانی و بۆ شەریکە

**بانگەوازی فەرماندەی هێزەکانی سووریای دیموکرات، کە رێکخراوێکی سەربازییەو کورد-پەکەکە و عەرەب و کریستیان و تورکمان بەپێی دەستنیشانکردنی سەرکردایەتییەکەی دەگرێتەوە، پەیوەست نییە بە یەکێتیی بزووتنەوەی کوردیی سووریا، بەڵکو بانگەوازە بۆ ئەوەی هەمووان پەیوەندی بەو رێکخراوەوە بکەن**



دێرینەکەی ڕژێمی ئەسەد، هەروەها بۆ هەموو لایەنی پەیوەندیدار بە دۆسێی سووریا کە نوێنەری هەموو پێکهاتەکانە، هاوکات گوزارشت لە هەموو ڕەوتە سیاسییەکان دەکات لە نێویشیاندا لایەنەکانی بزووتنەوەی کوردی، ئەمەش تاکو پێشەنگ بێت لەسەر ئاستی نیشتمانی، هەروەها ئامادەبوون لە هەموو بۆنە و شوێنێك لەوانەش نوێنەرایەتیکردن لە لیژنەی دارِشتنی دەستووردا، هاوکات سازکردنی دانوستان لەگەڵ ڕژێم بە ناوی هەموان، لانیکەم بە ناوی پێکهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی فورِات لە ئێستادا و دواتریش هەموو گەلی سووریا.

دووەم/ بێگومان ڕۆڵەکان دابەشکراون، هەروەها ململانێکانی نێوان ڕێکخراوەکانی پەکەکە لە سووریا، هاوکات ئیرادەیەکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لە ئارادایە بۆ ڕازاندنەوەی وێنەی ئەو کەسەی بۆی دەگونجێت، کە تەنیا ژەنراڵ مەزڵوومیان دۆزییەوە، کە هەندێك لایەن گرەودەکات لەسەر دوورخستنەوەی لە ناوەندی قەندیل، ئەو پیاوێکی چاونەترسە، هەندێکی دیکەش ئامادەی دەکات تا ببێتە ناونیشانێك بۆ پاکتاوکردنی ئەوانەی لەنێو بزووتنەوەی کوردیدا ماون، دواتر تێکەڵبوون بە دەزگاکانی سەربازی و ئەمنی و ئیداریی ڕژێم، بەتایبەتی دوای تەواوبوونی ئەرکی پەکەکە لە ماوەی نۆ ساڵ لە گۆرِەپانی کوردیی سووریا و ئەو ئەنجامە کارەساتبارانەی بە بەرچاوی هەموانەوە دیارن.

سێیەم/ ڕێکخراوی پەکەکەی سووریا دوای (١١ هەزار قوربانی) و دەیان هەزار بریندار و کەمئەندام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەڵکو لەبەردەم دیوارێکی داخراودایە، بەتایبەتیش دوای نەمانی مەترسیی داعش، هەروەها بڵاوبوونەوەی هێزی داگیرکاریی سەربازیی بیانی، کە ئێستا ئەرکەکەی بۆتە پاراستنی بیرەکانی نەوت، سەرباری ئەوەی کە تا ئێستا لای زۆربەی کوردانی سووریا پەسند نییە و لە هەموو گرەوە سیاسییەکان و بیروبۆچوونەکانیشدا شکستی هێناوە، تەنانەت لێشی پاشگەزبۆتەوە، تەنیا ئەوەی بۆ ماوەتەوە کە بخزێتەوە باوەشی ڕژێم، ئەمەش لە پێناو ئەوەی کە ڕووی خۆی سپی بکاتەوە و دەستبەرداری قەیرانی ناوخۆ ببێت، چونکە کەوتۆتە بەر تەحەددای هەڵکشانی ڕەوتێکی نیشتمانیی کوردیی سووریا کە دوورە ژەنەراڵ لەنێو ئەو ڕەوتەدا بێت.

چوارەم/ ئەرکی خۆمانە کە جارێکی دیکە بە دەنگێکی بەرز لە بەردەم ڕای گشتیی کوردی و سووری و کوردستانی جەخت بکەینەوە لەسەر پشتیوانیکردن لە هەر هەوڵێکی جددی بۆ نەهێشتنی دابەشکاری و بۆ نزیککردنەوەی کورد- کورد، بەڵام تایبەت بە یەکخستنی بزووتنەوەی کوردی، کە ئەرکێکی بەپەلەی بنەرِەتییە، هەموو لایەك دەزانن، بەتایبەتیش حزبەکانی هەردوو ئەنجومەن، کە زۆرینەی نیشتمانپەروەرانی کورد بێلایەنن کە گەنج و ئافرەت و ڕۆشنبیر و ڕاگەیاندکار و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییان تێدایە، ئەوانە بەپیر بانگەوازی پەیوەندیکردن بە هەسەدە، یان ئەم حزبە و ئەو ئەنجومەنەوە، یان بەجێهێنانی ئارەزووەکانی ئەو ژەنەراڵەوە نەهاتن، تاکە ڕێگە بۆ یەکێتی لە ڕێی کۆنگرەیەکی

**ڕێکخراوی پەکەکەی سووریا دوای (١١ هەزار قوربانی) و دەیان هەزار بریندار و کەمئەندام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەڵکو لەبەردەم دیوارێکی داخراودایە، بەتایبەتیش دوای نەمانی مەترسیی داعش**

**ئەرکی خۆمانە کە جارێکی دیکە بە دەنگێکی بەرز لە بەردەم ڕای گشتیی کوردی و سووری و کوردستانی جەخت بکەینەوە لەسەر پشتیوانیکردن لە هەر هەوڵێکی جددی بۆ نەهێشتنی دابەشکاری و بۆ نزیککردنەوەی کورد- کورد، بەڵام تایبەت بە یەکخستنی بزووتنەوەی کوردی، کە ئەرکێکی بەپەلەی بنەڕەتییە**

**ئێستا هیچ دامەزراوەیەکی شەرعیی نیشتمانیمان نییە، کە دەسەڵاتی هەبێت دادگایی خەڵک بکات و سزا بەرامبەر ئەو لایەنە دەربکات کە زیانی گەیاندووە، یان تاوان و گەندەڵیی کردووە**



سەرتاسەریی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردیی سووریا دێتەدی، بە سازان و ئیرادەی ئازاد، بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی ئامادەکاریی هەمەلایەنە و بە زۆرینەی بێلایەن، بۆ ئامادەکردنی ئەو کۆنگرەیە، لە پێناو دارشتنی پرۆژەی ئاشتیی کوردی و گەڕانەوەی شەرعییەت، هەڵبژاردنی دەستەیەکی سەرکردایەتی کە بەناوی سەرجەم گەلی کوردی سووریا کە لە رووی تەحەدییەکان بوەستێتەوە.

پێنجەم/ پێویستە کۆنگرەیەکی سەرتاسەری ببەسترێت و بێ مەرجی پێشوەختە بەشداریی تێدا بکات، نابێت بە ئارەزووی حزبەکان بێت، یان سەپاندنی مەرج و دژەمەرج بەسەر یەکدیدا، بۆیە سەرباری هەموو زێدەڕۆییەکی سەرکردایەتیی حزبەکان و تێوەگلانیان لە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: کێ دادگایی کێ دەکات؟ ئێستا هیچ دامەرزاوەیەکی شەرعیی نیشتمانیمان نییە، کە دەسەڵاتی هەبێت دادگایی خەڵك بکات و سزا بەرامبەر ئەو لایەنە دەربکات کە زیانی گەیاندووە، یان تاوان و گەندەڵیی کردووە، هەموو پرسەکان تەنانەت لێپرسینەوەکانیش، لە ئەستۆی کۆنگرەدان، کە شەرعییەتی نەتەوەیی و نیشتمانیی هەیە، تاکە مەرجیش کە دەبێت بخرێتەڕوو، ئەوەیە کە هەموو لا پێش ئەوەی بگەنە هۆڵی کۆنگرە، بڕیار بدەن کە بە تەواوی پابەند دەبن بەو بڕیار و راسپاردانەی کە لە کۆنگرەکەدا دەردەچن.

لە کۆتاییدا ئەوەندە ماوە کە بڵێین: برایان لە سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستانی عێراقدا، وەك مەرجەعییەتێکی باڵای کوردستانی، (کە لە پێشەوەی لایەنی پەیوەندیداران بە دۆسێی کوردیی سووریاوە)، ئەوان لە بەردەم تەحەددییەکانی لەئەستۆگرتنی بەرپرسارێتیی مێژووییدان، تایبەت بە بنیادنانەوەی بزووتنەوەی کوردیی سووریا و گێڕانەوەی شەرعییەت بۆ بزووتنەوەکە، هەروەها بەهێزکردنی یەکێتییەکەی لە رێی پشتیوانیکردن لە پرۆژەی کۆنگرەیەکی سەرتاسەریدا.

**برایان لە سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستانی عێراقدا، وەک مەرجەعییەتێکی باڵای کوردستانی (کە لە پێشەوەی لایەنی پەیوەندیداران بە دۆسێی کوردیی سووریاوە)، لە بەردەم تەحەددییەکانی لەئەستۆگرتنی بەرپرسارێتیی مێژووییدان، تایبەت بە بنیادنانەوەی بزووتنەوەی کوردیی سووریا و گێڕانەوەی شەرعییەت بۆ بزووتنەوەکە**




**ئایدن مەعروف**

**وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکانی بۆ گوڵان:**

# پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان مافەکانیان پارێزراوە، بەڵام داواکاری زیاتریشمان هەیە

**لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیرێکی هەرێم دانراوە بۆ کاروباری پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکان لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەم هەنگاوەش کە لەسەر ئاستی عێراق بۆ یەکەمجارە وەزیرێك لەناو حکومەتدا تایبەت بە کاروباری پێکهاتەکان بوونی هەبێت، هەنگاوێکی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ زیاتر چەسپاندنی مافی هەموو هاوولاتیان و پتەوکردنی گیانی فرەیی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە ئەم دیدارەمان لەگەڵ ئایدن مەعروف وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیرێك دانراوە بۆ کاروباری پێکهاتەکانی کوردستان، ئایا ئەرکی ئەم وەزیرە چییە و ئێوە لە ناو ئەنجومەنی وەزیران چۆن نوێنەرایەتیی پێکهاتەکان دەکەن؟**

- دانانی وەزیرێك بۆ کاروباری پێکهاتەکانی کوردستان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، جیا لەوەی هەنگاوێکی گرنگە بۆ ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، لە هەمانکاتدا ئەمە یەکەمین جارە لەسەر ئاستی عێراق بۆ کاروباری پێکهاتەکان دیاری بکرێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی هێجگار گرنگ بە تەواوی پێکهاتەی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستان دەدات، ئەوجا لەم روانگەوە کاری وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە ئەرکی تەنیا وەزیرێك گەورەترە و هاوشێوەی وەزارەتێکە و لە داهاتووشدا دەبێتە وەزارەتی کاروباری پێکهاتەکان و بۆ گەیاندنی داواکاری و پێشنیارەکانیان لەسەر مافەکانیان و جێبەجێکردنی هەموو کاروبارەکانیان، هەروەها لە رێگای ئێمەوە هەموو راپۆرت و داواکاری و پێشنیارەکانی پێکهاتەکان دەگەیەندرێتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم. لێرەدا ناکرێت رۆڵی رێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت بۆ پێداگری لە دانانی وەزیری هەرێم رەچاو نەکەین، چونکە بە راستی پێداگری کرد لەسەر ئەم وەزارەتە و سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت وەزیرێك بۆ کاروباری پێکهاتەکان هەبێت و داکۆکی لە ماف و خواستی پێکهاتە جیاوازەکان بکات. منیش کە ئێستا ئەو پۆستەم پێ سپێردراوە، نوێنەراتیی هەموو پێکهاتەکان (تورکمان، کلدو ئاشووری و ئایین و ئایینزاکان)ی دیکەی کوردستان دەکەم. کۆبوونەوەشمان لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان و نوێنەری پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان ئەنجام داوە، تاوەکو لە نزیکەوە راوێژیان پێ بکەین.

*** بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن، پێکهاتەکان وەزارەتیان بەر نەدەکەوت، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان لە پشکی خۆی ئەم**

**بەڕێز مسرور بارزانی کەسایەتییەکی پایەدار و بەرز و میانڕۆیە و بە شێوەیەکی بەردەوام لە کۆبوونەوەکان و میدیاکان بە بێ جیاوازی بەرگری لە ماف و دواکاریی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان دەکات**

**پێویستە لایەنە سیاسییەکان و هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر نووسینی دەستوورەکە رێک بکەون و گرنگیشە داواکاریی پێکهاتەکان لە ناو دەستوور جێگیر بکرێت**

**وەزارەتەی بۆ تەرخان کردن، ئایا لە میانەی پێکهێنانی حکومەت لەگەڵ مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم چۆن گەیشتنە ئەو قەناعەتەی ئەم وەزیرە بۆ ئەم ئەرکە دیاری بکرێت؟**

- بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەسایەتییەکی پایەدار و بەرز و میانڕۆیە و بە شێوەیەکی بەردەوام لە کۆبوونەوەکان و میدیاکان بە بێ جیاوازی بەرگری لە ماف و دواکاریی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، ئەمەش پاڵپشتییەکی گرنگە بۆ بەدیهێنانی مافی تەواوی هەموو پێکهاتەکان، پێویستیشە هەموو لایەن و پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان بە یەکەوە بەرگری و پارێزگاری لە پێکەوەژیان و هاتنەدی مافی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بکەن و ئامانجەکەش ئەوەیە کە دەبێت هەموومان پشتیوان و هاوکاری و هەماهەنگی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بین. تاوەکو ئەو حکومەتە سەرکەوتوو بیت، هەروەها جوانی و رێکوپێکیی ئەم کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە بەشداریی پێکهاتەی نەتەوەیی تورکمان و کلد و ئاشوور و ئایین و ئایینزاکان لەناو حکومەتدا دیارە و رەنگی داوەتەوە.

*** ئێوە لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوو ئەرکێکی هەستیار و کاریگەرتان بۆ رۆڵی پێکهاتەکان دەبێت، بەرنامەی چوار ساڵی داهاتووتان چۆن داناوە و ئایا لەگەڵ پێکهاتەکان کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی بەشداریتان لەماوەی چوار ساڵی داهاتوو فراوانتر بێت؟**

- وەك لە سەرەتادا ئاماژەمان پێ دا، وەزارەتەکە یان ئەو پۆستە تایبەتمەندە بۆ کاروباری پێکهاتەکان، یەکێك لە بڕگەکانی هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش باس لە پاراستنی مافی پێکهاتەکان دەکات، کە ئەمەش زۆر گرنگە بۆ دەستەبەرکردنی مافی پێکهاتەکان، هەروەها بوونی ئەم بڕگانە لەناو بەرنامەی حکومەتدا وا دەکات لە داهاتوودا کۆبوونەوە و گفتوگۆ لەنێوان پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر و چڕتر بێت بۆ گەڵاڵەکردنی پێشنیار و داواکارییەکانیان، بۆیە پێویستە هەوڵەکان لە ناو حکومەت و پەرلەمان چڕتر و زیاتر بێت بۆ پاراستن و داکۆکیکردن لە مافی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان، ئێمە وەك وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بەرنامە و پڕۆژەمان دەبێت و یەکێك لەو داواکاری و پڕۆژانە ئەوەیە کە زۆربەی پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان داواکارن بە کۆتا لە پەرلەمانی کوردستاندا بەشدار بن، هاوکات گرنگترین داواکاری و کار لەلای ئێمە ئەوەیە کە پارێزگاری لەو پێکەوەژیانەی هەرێمی کوردستان بکەین کە هەیە، چونکە بۆتە جێگای سەرنج لەسەر ئاستی هەموو دنیادا کە نموونەیەکی زۆر جوان و سەرکەوتووە و ئەو پارێزگاری و پاڵپشتییەش لەسەر یەك لایەن پێویست نییە، بەڵکو پێویستە هەموو لایەن و پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان بە یەکەوە پارێزگاری لێ بکەن، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان وەك یەك تیم کار دەکات و هەر لەسەرەتاوە کارەکانی ئەو کابینەیە یەکڕیزی پێوە دیارە هەر بۆیە ئێمە گەشبینین بەوەی لە داهاتوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو سێکتەرەکاندا سەرکەوتوو دەبێت و ئایندەی هەرێمی کوردستان و هەموو پێکهاتەکانیش بەگشتی لەم کابینەیەدا بە ئیجابی دەبینین.

*** یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستانە، دیارە دیاریکردنی مافی پێکهاتەکان لەو دەستوورە دەبێتە ئەرکێکی گرنگی ئێوە، ئایا چۆن سەیری پڕۆژەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەکەن و بەنیازن چۆن مافی پێکهاتەکان لەو دەستوورە دیاری بکەن؟**

- دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنگ و پێویستە کە تا ئێستا نیمانە، چونکە دەستوور مەرجەعی یاساکانە، لەخولی پێنجەمی پەرلەمان لەلایەن هەموو فراکسیۆنەکان و سەرۆکایەتیی پەرلەمان ماوەیەکە دەست کراوە بە کارکردن لەسەر نووسینەوەی پڕۆژەی دەستوور، هەروەها پێویستە لایەنە سیاسییەکان و

**لە سەر نووسینەوەی دەستوور و زامنی مافی پێکهاتەکان کۆبوونەوە و پرۆژەی تایبەتمان دەبێت و بێگومان پێکهاتەکانیش پاڵپشتی و پشتیوانی لە نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەکەن**

**هەر لە دەستپێکی ئەم کابینەیەوە زۆر بە جددی و کردەیی کار لەسەر چاکسازی دەکرێت و رێگریی تەواو لە گەندەڵی کراوە**

**داواکارین لەسەر ئاستی هەموو هەرێمی کوردستان زیاتر گرنگی بە لایەنی پەروەردەیی و رۆشنبیری و بەها پیرۆزەکان و کولتووری هەموو پێکهاتە ئایین و ئایینزاکان بدرێت**

**پاراستن و زامنی مافی پێکهاتەکان شتێکە لە سەرەتای دروستبوونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دیار بووە و رەنگی داوەتەوە**

هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر نووسینی دەستوورەکە ڕێك بکەون و گرنگیشە داواکاریی پێکهاتەکان لە ناو دەستوور جێگیر بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش لە ماوەی ڕابردوو لەگەڵ نوێنەری پێکهاتەکاندا کۆبوونەوەمان ئەنجام دا و هەر هەموویان داواکارییان ئەوە بوو کە مافەکانیان لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا جێگیر بکرێت، ئەمە لە پێناوی ئەوەیە دەستوورەکەمان ببێتە دەستوورێکی سەرکەوتوو و مۆدێرن، بۆ ئەمەش کارو ڕۆڵی ئێمە وەك وەزیری کاروباری پێکهاتەکان لە پەرلەمان و لە ناو حکومەت و لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر دەستوور و دیاریکردن و جێگیرکردنی مافی پێکهاتەکان دیارو کاریگەر دەبێت. ئێمە وەك پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر نووسینەوەی دەستوور و زامنی مافی پێکهاتەکان کۆبوونەوە و پڕۆژەی تایبەتمان دەبێت و بێگومان پێکهاتەکانیش پاڵپشتی و پشتیوانی لە نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەکەن.

*** خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی بە گەشبینییەوە سەیری ماوەی چوار ساڵی داهاتووی ئەم کابینەیە دەکات، وەك ئەندامێکی ئەم کابینە نوێیە، چۆن هەڵسەنگاندن بۆ ئەم چوار مانگەی ئەدای کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- ئەدا و کاری ئەو چوار مانگەی ڕابردووی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان زۆر ڕێکوپێك و باشە، لەبەر ئەوەی وەك یەك تیم و بە یەکڕیزی کار دەکرێت و هەڵویستی سەرۆکی حکومەتی کوردستان زۆر جوان و گرنگ و جێگیرە و بەبێ جیاوازی مامەڵە لەگەڵ وەزیرەکان دەکات، ئەمەش هاوسەنگی لە کارەکاندا دروست کردووە لە نێوان سەرۆکایەتیی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان و لەنێوان خودی وەزیرەکانیش، هەر لە دەستپێکی ئەم کابینەیەوە زۆر بە جددی و کردەیی کار لەسەر چاکسازی دەکرێت و ڕێگریی تەواو لە گەندەڵی کراوە، بۆ ئەمەش کار و بەرنامەی زۆری بۆ گیراوەتەبەر لە پێناوی بەرەوپێشەوەبردنی کارو مامەڵەی هاووڵاتیان لە ناو دامودەزگاکانی حکومەتدا، بۆیە پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکانی ناو حکومەت و وەك حزبیش پشتیوانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن لە بەرەوپێشبردنی پرۆسەی چاکسازی و بنبڕکردن و نەهێشتنی گەندەڵی، هەر ئەو کارانەشە وایکردووە لەم چوار مانگەی تەمەنی سەرەتای کابینەی نۆیەمدا بەرەوپێشچوونێکی زۆر لە گەشەکردنی هەرێمی کوردستان و ئەدای حکومەت دەبینرێت.

*** ئەوەی هەرێمی کوردستان شانازی پێوە دەکات، ئەو تەبایی و پێکەوە ژیانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانە، ئایا ئێوە وەك پێکهاتەی کوردستان تا چەند لە هەرێمی کوردستان مافەکانتان پارێزراوە و تاچەند هەست بە ئاسوودەیی دەکەن؟ هەروەها ئایا دەتانەوێت حکومەتی کوردستان چیترتان بۆ بکات؟**

- بەراورد لەگەڵ بەغدا، مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان پارێزراوە و ڕەوشی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان زۆر باشترە لە پێکهاتەکانی عێراق و حکومەتی بەغدا، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئێستا وەزیرێك یان وەزارەتێکی تایبەت بە کاروباری پێکهاتەی نەتەوەی تورکمان و کلدو ئاشوور و ئایین و ئایینزاکان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، بۆیە لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە ئێمە وەك پێکهاتەکان بەم هەق و مافەی پێمان دراوە و لە پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان بەشدارین، زۆر ئاسوودەین، سەرەڕای ئەوانەش ئەو داواکارییەی زیاتر پێکهاتەکان لەسەری کۆکین، ئەوەیە کە مافەکانمان لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا دیار و جێگیر بکرێت، چونکە دەستوور زامنی مافەکانمانە.

*** لە دوو خولی پەرلەماندا نوێنەری تورکمان بووی و ئێستا نوێنەری هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانی و بەردەوام کارت بۆ دەستەبەری مافەکانتان کردووە، ئایا ئێستا وەك وەزیر و نوێنەری پێکهاتەکان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتدا داواکاریەکانتان چییە؟**

- ئەم پۆستەی کاروباری پێکهاتەکان لە داهاتوودا بە دڵنیاوە دەبێت بە وەزارەتێکی گرنگ و تایبەت بە کاروباری پێکهاتەی نەتەوەی تورکمان و کلد و ئاشوور و ئایین و ئایینزاکان لە

**هەرێمی کوردستان لە پێدانی ماف و پاراستنی پێکهاتەکان، زۆر لە پێشترە لە بەغدا و نەبوونی نوێنەری پێکهاتەکان لە حکومەتی عێراقدا کەموکوڕی و عەیبەیەکە لە پرۆسەی سیستەمی دیموکراسیدا**

**ڕۆڵ و ماندووبوون و شەونخوونیی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس کە کاریگەرییەکی زۆر و گرنگ و ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ئەو هێمنی و سەقامگیرییەی لە کوردستان هەیە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی هێجگار گرنگ بە تەواوی پێکهاتەی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستان دەدات**

**کاری وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە ئەرکی تەنیا وەزیرێک گەورەترە و هاوشێوەی وەزارەتێکە و لە داهاتووشدا دەبێتە وەزارەتی کاروباری پێکهاتەکان و بۆ گەیاندنی داواکاری و پێشنیارەکانیان لەسەر مافەکانیان و جێبەجێکردنی هەموو کاروبارەکانیان**



**جوانی و ڕێکوپێکیی ئەم کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە بەشداریی پێکهاتەی نەتەوەیی تورکمان و کلد و ئاشوور و ئایین و ئایینزاکان لەناو حکومەتدا دیارە و ڕەنگی داوەتەوە**

حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمەش بەڵگەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت زیاتر هەموو پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان بە بێ جیاوازی لە سیستەمی حوکمڕانی بەشدار بن و هەق و مافەکانیان پارێزراو بێت، هەروەها لێرەدا داواکارین لەسەر ئاستی هەموو هەرێمی کوردستان زیاتر گرنگی بە لایەنی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و بەها پیرۆزەکان و کولتووری هەموو پێکهاتە ئایین و ئایینزاکان بدرێت بۆ ئەوەی پێکهاتەکان لەم بوارانەدا زیاتر بەرەوپێشەوە بچن لە چوارچیوەی ئەو کیانەی ئێستا کە لە هەرێمی کوردستان هەیە. لەلایەکی دیکە من وەك وەزیر بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە کابینەی نۆیەمدا بەبێ جیاوازی نوێنەرایەتیی جددی و بەردەوامی هەموو پێکهاتەکان دەکەم بۆ زامنی هەموو مافەکانیان، هەروەها پاراستن و زامنی مافی پێکهاتەکان شتێکە لە سەرەتای دروستبوونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دیار بووە و ڕەنگی داوەتەوە، بەڵگەش ئەوەیە نوێنەری هەموو پێکهاتەکان لە ناو پەرلەمان و حکومەت و دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان بەشدارن، واتە هەموو ئەو کارانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵگەن بۆ پارێزگاریکردن و بەرەوپێشەوەبردنی پێکەوەژیان لە هەرێمدا، هەر ئەمەشە بۆتە بەڵگەی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان لە پێدانی ماف و پاراستنی پێکهاتەکان، زۆر لە پێشترە لە بەغدا و نەبوونی نوێنەری پێکهاتەکان لە حکومەتی



عێراقدا کەموکوڕی و عەیبەیەکە لە پرۆسەی سیستەمی دیموکراسیدا، هەر بۆیە لێرەدا داواکارین لە حکومەتی عێراق پێکهاتەکان لە بەغداش هەر وەك هەولێر نوێنەر و وەزیریان هەبێت، تاوەکو کاروبارەکانیان بە باشی بەڕێوە بچێت.

*** ئایا ئەو هۆکارانە چین کە وایانکردووە هەرێمی کوردستان سەقامگیر و دوور لە کێشە و ململانێی ناوچەکە بێت؟**

- هۆکاری سەرەکیی ئەو هێمنی و سەقامگیرییەی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ، یەکەم: یەکڕیزیی هاووڵاتیان لەناو هەرێمدا. دووەم: یەکڕیزیی لایەنەکان کە زۆر گرنگە و کاریگەرییان لەسەر بارودۆخەکە دەبێت. سێیەم: ڕۆڵ و ماندووبوون و شەونخوونیی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس کە کاریگەرییەکی زۆر و گرنگ و ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ئەو هێمنی و سەقامگیرییەی لە کوردستان هەیە. چوارەم جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گەورەو گرنگ و بەرچاوی هەیە لە دابینکردنی هێمنی و ئاسایش و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستاندا کە ئەو هێمنی و ئاسایش و سەقامگیرییەی هەرێمی کوردستان کاریگەریی زۆری هەیە لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسی و ئابوورییەوە و پێشبینی دەکەین و چاوەڕوانین لە داهاتوودا ئەو سەقامگیری و ئاسایشە لە هەرێمدا زیاتر بەرەوپێشەوە بچێت کە بۆ خەڵکی هەرێم زۆر پێویستە.

**کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان وەک یەک تیم کار دەکات و هەر لەسەرەتاوە کارەکانی ئەو کابینەیە یەکڕیزی پێوە دیارە هەر بۆیە ئێمە گەشبینین بەوەی لە داهاتوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو سێکتەرەکاندا سەرکەوتوو دەبێت**

# خوێندنەوەیەکی شیکاری بۆ ١٠٠ ڕۆژی ئەدای کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**دوای تێپەڕبوونی سەد ڕۆژ دەتوانم بڵێم ئەوەی کە لەم بەرنامەیەدا هاتۆتەدی زۆر کەمە، بەڵام دەکرێت بگوترێت کە ئەمە سەرەتایەکە و مۆژدەی خێر و خۆشی بەدواوە دێت**

دوای تێپەڕبوونی سەد ڕۆژ بەسەر دامەزراندنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێم باشە ڕاو سەرنجی خۆم دەربڕم و باسی هەڵسەنگاندنی حکومەت بکەم لە ڕووی ئابوورییەوە. من پێموایە شتێکی ئاساییە کە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە چ سیاسی، یان ئابووری بن، بەردەوام، یان ناوبەناو هەڵسەنگاندن بۆ حکومەتە تازە دامەزراوەکان بکەن، بۆیە دەبینین کە ئەم ناوەندانە هەڵسەنگاندنێکی بەرایی ئامادە دەکەن بۆ سەد ڕۆژی یەکەمی ئەم حکومەتانە، بنەمای ئەم هەڵسەنگاندنەش بەرنامە ڕاگەیاندراوەکەی حکومەت دەبێت لە سەرەتای دامەزراندنیەوە. سەبارەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دیارە بەرنامەیەکی تێرو پڕی گشتی و ئامانجداری لە هەموو بوار و کایەکاندا ڕاگەیاندووە، کە پێشتر من لە ژمارەیەکی پێشووی گۆڤارەکە ئاماژەم پێ کردووە، بۆیە دوای تێپەڕبوونی سەد ڕۆژ دەتوانم بڵێم ئەوەی کە لەم بەرنامەیەدا هاتۆتەدی زۆر کەمە، بەڵام دەکرێت بگوترێت کە ئەمە سەرەتایەکە و مۆژدەی خێر و خۆشی بەدواوە دێت، ئەوەی لە ڕووی کارگێڕییەوە لەم بەرنامەیەی حکومەت هاتە ئاراوە، ڕێکخستنی کاری دامەزراوە و فەرمانگەکانی حکومەت بوو، لە سەر ئاستی کاری ئەم دامەزراوانە، یان کارو ئەدای فەرمانبەران، هاوکات سەرەتاکانی کارکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەدەرکەوتن، هەتا ئەگەر بە ساردو سڕیش بێت، هەرچەندە ئەم



پرۆفیسۆر د. محەمەد شەعبان

بۆ گوڵان نووسیویەتی

پرۆسەیە پێویستی بە کاری زۆر جددی هەیە، واتا بە کردار ئەنجام بدرێت، نەك هەر بە شێوەی میدیایی بێت، خاڵی دووەم کە لە ژمارەیەکی رابردوودا جەختمان لەسەر کردەوە، بریتییە لەوەی کە حکومەتەکان متمانەی گەلانیان بەدەست بێنن، بەڵام بەداخەوە ئێمە هیچ دەستپێشخەرییەکان لەم بارەوە نەدیوە، لەوانە قوتاربوون لەو ژمارە زۆرەی فەرمانبەران کە دوو مووچە و سێ مووچە وەردەگرن و ناویان لە لیستی وەهمی و بن دیواردایە، هەروەها هیچ هەنگاوێکمان لە بواری ئیدارییەوە نەدی لە چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری، هاوکات دامەزراندنی یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگەکان لە هەموو پسپۆڕییەکاندا تا ئێستا بە سستی بەڕێوەدەچێت، یان تەنیا لە سەر کاغەزە و نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، حکومەت پێویستی بە بەرنامەیەکی کارا هەیە لەسەر ئاستی هەموو بوارەکاندا، ئەمەش دەبێ بە خەڵك رابگەیەندرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری بە بەشداریی کەرتی تایبەت، تا ئێستا ناتوانین هیچ تروسکاییەك بەدی بکەین سەبارەت بە پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەند، چونکە تا ئێستا ئەم پەیوەندییانە هەر وەك خۆیان ماون، هەرچەندە حکومەتی هەرێم هەنگاوی بەرچاوی بەم ئاراستەیە هەڵێناوە، بەتایبەتیش سەردانی شاندەکانی هەولێر بۆ بەغدا، یان هاتنی بەرپرسانی بەغدا بۆ هەولێر، بەڵام تا ئێستا ئەنجامی بەرچاو و رۆشن لەم بوارەدا

**دامەزراندنی یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگەکان لە هەموو پسپۆڕییەکاندا تا ئێستا بە سستی بەڕێوەدەچێت، یان تەنیا لە سەر کاغەزە و نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە**

بە تەواوی رانەگەیەندراوە و بەدی نەکراوە، چ لەسەر ئاستی بودجە، یان فایلی نەوت پەیوەست بە هەناردەکردن و بەرهەمهێنان و فرۆشتن، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی جددی و خێرا و کارا بگرێتەبەر لەم بوارە گرنگەدا، کە پێموایە ئەمە کلیلی چارەسەری زۆر کێشەیە کە رووبەڕووی حکومەت دەبێتەوە، لە رووی سیستەمەوە من لەو باوەڕەدام کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامەو توانای ئەوەی هەیە کە مووچەی فەرمانبەرانی دابین بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا پێموایە ئەو لایەنە دەکەوێتە بەر کاریگەریی ئەو رووداوانەی بەغدا و ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەی کە لەگەڵ بەغدا بەردەوامن.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامەو توانای ئەوەی هەیە کە مووچەی فەرمانبەرانی دابین بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا پێموایە ئەو لایەنە دەکەوێتە بەر کاریگەریی ئەو رووداوانەی بەغدا و ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەی کە لەگەڵ بەغدا بەردەوامن**

لەسەر ئاستی ئابووریدا، داوامان لە حکومەت کردووە، ئەولەوییاتی خۆی لە هەموو وەزارەت و دامەزراوەیەك رابگەیەنێت، بەڵام ئەوەی بینیمان و گوێمان لێیان بوو، تەنیا راگەیاندنی خێرای هەندێ وەزیر و بەرپرس بوو، یان پارچە پارچە بوو لە خستنەڕووی ئەولەوییاتەکانیان، بۆیە دەبێت ئەولەوییات بە شێوەیەکی زانستی و سیستماتیك و ورد رابگەیەندرێت، بە شێوەیەك بەرنامەیەك هەبێت کە هەر وەزارەتێك باس لەو ئامانجانە بکات کە لە ساڵی یەکەمدا دەیەوێت بیانهێنێتەدی، واتە هەر ئامانجێك دەخرێتە نێو پلانێکەوە، هەر پلانێکیش لایەنی ماددی و دارایی خۆی هەیە و بودجەی پێویستی بۆ تەرخان بکرێت و پێویستیشە بە ئاشکرا رابگەیەنرێت و خەڵکەکەش پێی ئاگادار بێت، ئەوەی جێی سەرنجە بینیمان کە هەر وەزیرێك پلانێك، یان پرۆژەیەك لە تەلەفزیۆن و راگەیاندنەکاندا باس دەکات کە فڵانە پرۆژە لە ئەولەویاتی وەزارەتەکەیدایە، وەك بڵێی سەرۆکی کۆمپانیایەکی بازرگانیی سادە بێت، نەك وەزارەتێك کە گرنکی بە بەرژەوەندیی سەرجەم خەڵك بدات.

**دەمانەوێت حکومەت شەفافتر بێت لە کەرتی نەوت و لە بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوتدا، هەرچەندە راپۆرتی ژمێرکاری لەلایەن کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان هەیە و ددانی پێدا نراوە، بەڵام ئێمەی ئەکادیمی و پسپۆڕ سەرنج و تێبینیمان هەیە لەسەر ئەم جۆرە راپۆرتانە**

تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی زۆری لە پێشە و ئێمەش چاوەڕوانی زۆرتری لێ دەکەین، دەمانەوێت حکومەت شەفافتر بێت لە کەرتی نەوت و لە بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوتدا، هەرچەندە راپۆرتی ژمێرکاری لەلایەن کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان هەیە و ددانی پێدا نراوە، بەڵام ئێمەی ئەکادیمی و پسپۆڕ سەرنج و تێبینیمان هەیە لەسەر ئەم جۆرە راپۆرتانە، کە راپۆرتی سنووردار و لە بواری سنووردارن، تایبەتیش نین بە هەموو ئەو شوێنانەی کە نەوتی کوردستانیان لێ بەرهەم دەهێنرێت، بۆیە جارێکی دیکە دەیڵێمەوە کە پێویستمان بە شەفافییەتی زیاترە، هاوکات شەفافییەت لە کارگێڕی و دارایی حکومەت، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم پێویستە حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بەدیهێنانی دەستکەوت و ئامانجەکان کە لەو بودجەیەی پشت بە بەند دەبەستێت، بگۆڕێت بۆ پشتبەستن بە بەرنامەی ئەدا و ئەرك، وەك ئەو جۆرە بودجەیەی کە پشت دەبەستێت بە ئەدا و ئەرك کە بۆ هەر خەرجییەك بواری خەرج تەرخان بکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجێك، هەروەها پارەیەك دابین بکرێت و لیژنەی بەدواداچوون هەبێت بۆ ئەنجامدانی، مانگانە یان هەر سێ مانگ، یان شەش مانگ، یان ساڵانە بێت، بەمەش بودجەکە لە بودجەی خەرجییەوە دەگۆڕێت بۆ خەرجی بەدیهێنانی ئامانجگەلی دیاریکراو، دواجار ئەو ئامانجانەی بەرنامەی حکوومی لە رووی داراییەوە لەم بودجەیەوە جێی دەبێتەوە، چونکە ئەستەمە پەیڕەو بکرێت بە وردی و بە شێوەی زانستی و راستگۆیانە ئەگەر کاری بودجەی دارایی حکومەت هەر لەسەر بودجەی پێشان بێت، واتا پشت بە بەند ببەستێت، چونکە ئەم بودجەیە تەنیا گرنگیی بە خەرجی دەدات و ئامانجەکان ناپێکێت.

**پێویستمان بە بەرنامەیەکی زانستی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دارایی و ئیداری، واتا هەنگاوەکان بەم ئاراستەیەدا فراوانتر بن، دەبێ لایەنەکانی دادوەری و یاسادانان بەو پەڕی بوێرییەوە رووبەڕووی گەندەڵی ببنەوە**

دێمە سەر بوارێکی دیکە کە ئەویش بەهەردەردانی سامانی گشتیی کوردستان و گەندەڵییە، دیارە لە هەرێمی کوردستان دیاردەی گەندەڵی بەرفراوانەوە و دەبێ ددانی پێدا بنێین و نابێ لەم بوارەدا شەرم بکەین، گەندەڵی لە عێراق بە گشتی بڵاوە، بۆیە پێویستمان بە بەرنامەیەکی زانستی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دارایی و ئیداری، واتا هەنگاوەکان بەم ئاراستەیەدا فراوانتر بن، دەبێ لایەنەکانی دادوەری و یاسادانان بەو پەڕی بوێرییەوە رووبەڕووی گەندەڵی ببنەوە، گوێ نەدەنە ئەو فەرمانانەی لە لایەنی سەرەوە بۆیان دێن، تایبەت بە لایەنێکی دیاریکراو، هەروەها

دەبێ داواکاری گشتی ئەو پەڕی ئازادیی هەبێت لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، هەروەها لە لێپێچینەوەو بانگهێشتکردنی بەرپرسان و نابێت شەرم لە هیچ لایەنێکی سیاسی، یان حزبی بکات، بۆیە دەبێ لەمەدا پەلە بکرێت و بۆ هەموو لایەك بیسەلمێنین کە هەنگاوەکان بە تەواوی هەڵدەگیرێن و ئامانجەکانیان دەپێکن، ئەوەی تا ئێستا ئەنجام دراوە، تەنیا هەنگاوی بچووکن لە فەرمانگەی بچووك و تەنانەت فەرمانبەری پلە نزم بانگهێشت کراون و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کراوە و نەگەیشتوونەتە ئەو بەرپرسە باڵا گەندەڵانەی کە سەری گەندەڵییەکەن.

لە ڕاستیدا پێموایە دانانی سەد ڕۆژ زۆر کەمە بۆ هەڵسەنگاندن و جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت لە بوارە جیاجیاکانی کەرتی ئابووری کە هەندێکیان کاتی زیاتریان پێویستە، بۆ نموونە بۆ دووساڵ، یان چوار ساڵ، واتا بە درێژایی تەمەنی حکومەت لە بواری پیشەسازی، یان کشتوکاڵدا، بەڵام لێرەدا دەتوانین لە ماوەی سەد ڕۆژدا کە ئامانجەکانمان دیاری بکەین لە بواری ئابووری و کشتوکاڵدا، هەروەها بەرنامەی پێشنیارکراو بۆ گەیشتن بۆ ئەم ئامانجانە، بەڵام تا ئێستا نەمانبیستووە، یان نەماندیوە هیچ کام لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی ئابووری و کشتوکاڵی و پیشەسازی هیچ هەنگاوێکیان بەم ئاراستەیەدا هەڵهێنابێت، بۆیە دەبوایە بەرپرسانی ئەم کەرتانە لە ماوەی سەد ڕۆژدا نەخشە ڕێگایان خستبایە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بە کارو پرۆژەکانیان بۆ چوار ساڵی داهاتوو، بەڵام ئەوەیان نەکردووە، چونکە ئەم هەنگاوە سەرەتایەك دەبێت بۆ بەرنامەی داهاتوو، ئەوەی من بزانم تا ئێستا یازدە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، لە هیچ لەو کۆبوونەوانەدا ئەم بەرنامانە نەخراونەتەڕوو و باسیان لێوە نەکراوە، هاوکات دیسان پێویستمان بە هەنگاوی بوێرانە و جددی هەیە بۆ بووژاندنەوەی کەرتی دارایی و بانك لە هەرێمی کوردستان، چ بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ناوەند، یان بە شێوەی سەربەخۆ، چونکە ئێمەی ئابووریناسان ئەو ڕاستییە دەزانین کە بانك شێوەی دڵە کە خوێن دەبەخشێتە هەموو جەستە، چونکە بانکی سست و ناکارا و ئیفلیج ناتوانێت سوودبەخش بێت بۆ کەرتەکانی ئابووری، یان بەرەنگاری هەموو قەیران و کێشە ئابووری و داراییەکان ببێتەوە کە لە ئێستا و ئایندەدا ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە.

کەرتی تایبەت شەریکی ستراتیجی و سەرەکییە بۆ حکومەت لە بواری جێبەجێکردنی بەرنامەکانی حکومەتدا، بۆیە پێویستە هەماهەنگییەکی زۆر پتەو و لیژنەی بەدواداچوونی باڵای هاوبەش هەبێت لە نێوان ئەنجومەنی وەزیران و ژووری بازرگانی و سەندیکاکان بۆ دانانی بەرنامەو پلانی گونجاو و کۆدەنگیی نێوانیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامانەی کە حکومەت داوایان دەکات لە کەرتەکانی دیکەی ئابووری، تاکو پشکی کەرتی تایبەت دیاری بکرێت بۆ یارمەتیدانی حکومەت و ئەم کەرتە زیاتر بەهێز بکرێت و لە کەرتێکی لاوازی شەریکەوە ببێتە کەرتێکی سەرەکی کە کاریگەری هەبێت لە بووژاندنەوەی کەرتی ئابووریدا، هەروەها ئەمە پێویستی بە هەماهەنگیی پتەو هەیە، هاوکات چاوخشاندنەوە بەو یاسایانەی کە کاری ئەم کەرتە و کاری کۆمپانیاکان و بازاڕ ڕێك دەخەن.

جارێکی دیکە دووپاتی دەکەمەوە کە پشتبەستن بە بودجەیەك کە لەسەر ئەداو ئەرك بێت، زەمانەتێکە کە هانی وەزارەتەکان و دامەزراوەکانیان و تا بچووکترین شانەی حکوومی دەدات کە خزمەتی گشتی پێشکەش دەکەن، هەروەها چۆنێتی مامەڵەکردن بەو سامانە و بەجێهێنانی ئەو ئامانجانە دیاری دەکات، لەبەرامبەردا ئەو فەرمانگانە دەرك بەوە دەکەن کە بەرنامەیەکی چاودێری و بەدواداچوون و سەرپەرشتیاریکردن لەسەر ئەو کارانە هەیە.

لە کۆتاییدا پێشنیاردەکەم بۆ ئەنجومەنی وەزیران کە هەر وەزیرێك باری سەرنجی خۆی بۆ کارەکەی بخاتەڕوو لە میانی چوارساڵی ئایندەدا، هاوکات بەرنامەیەکی تێروتەسەل پێشکەش بکەن کە دەتوانن بەو بڕە پارەیەی بۆیان تەرخان کراوە، ئەرکەکانی یەکەم ساڵی خۆیان بە ڕێکی ڕاپەڕێنن، لەگەڵ پێشنیاریان بۆ دووەم ساڵ و سێیەم و چوارەم، بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە بۆیان دانراوە لە سەرەوەختی ڕاگەیاندنی کابینەی وەزارەتدا.

**ئەوەی تا ئێستا ئەنجام دراوە، تەنیا هەنگاوی بچووکن لە فەرمانگەی بچووک و تەنانەت فەرمانبەری پلە نزم بانگهێشت کراون و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کراوە و نەگەیشتوونەتە ئەو بەرپرسە باڵا گەندەڵانەی کە سەری گەندەڵییەکەن**

**دانانی سەد ڕۆژ زۆر کەمە بۆ هەڵسەنگاندن و جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت لە بوارە جیاجیاکانی کەرتی ئابووری کە هەندێکیان کاتی زیاتریان پێویستە**

**بانکی سست و ناکارا و ئیفلیج ناتوانێت سوودبەخش بێت بۆ کەرتەکانی ئابووری، یان بەرەنگاری هەموو قەیران و کێشە ئابووری و داراییەکان ببێتەوە کە لە ئێستا و ئایندەدا ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە**

مایکڵ بارنێت

پسپۆڕی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ قابیلی پێشبینیکردن نییە

هەروەك ئاشكرایە قەیران و تەنگژەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست درێژەیان هەیە و ناسەقامگیری و نائارامییەكان بوونەتە سیما و خەسڵەتی ئەم ناوچەیە و دەرهاویشتەكانی پەرەسەندن و رووداوەكانی ئەم ناوچەیە و رەهەندە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەكان بوونەتە هۆی ئەوەی چەندین هێزی ناوچەیی و جیهانی دەستتێوەردان لە كاروباری ناوخۆی وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا بكەن. تا ئێستا گرنگترین و دەستڕۆیشتووترین هێزی جیهانیش لەم ناوچەیەدا ئەمریكایە، لەم روانگەیەوە پرسی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا بووەتە تەوەری گفتوگۆیەكی گوڵان لەگەڵ مایكڵ بارنێت كە پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و كاروبارە نێودەوڵەتییەكانە لە زانكۆی جۆرج واشنتۆن. بوارەكانی تایبەتمەندی و شارەزاییەكانی بریتین لە كاروبارە نێودەوڵەتییەكان، حوكمڕانیی جیهانی، كاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پێشتریش لە زانكۆی مینێسۆتا، ویستكانسۆن وانەبێژ بووە.




*** لە ئاست ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و قەیرانی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەڕوانیت؟**

- من پێم وانییە سیاسەتێکی پەیوەندیدار بەم پرسەوە لە ئارادا بێت لەلایەن ئیدارەی سەرۆك ترەمپەوە، هەرچەندە خۆزگەم دەخواست ئەم سیاسەتە هەبووایە، بەڵکو ئەوەی هەیە و بەدی دەکرێت، بریتییە لە کاردانەوە و هەڵوێست گۆڕینی ترەمپ لە ئاست پرسەکاندا.

*** ئایا دەرئەنجامە خراپ و زیانبەخشەکانی نەبوونی سیاسەتێکی دیاریکراو، یان نەبوونی سیاسەتێکی جێگیر لەلایەن ئەمریکاوە لە ئاست ئەم ناوچەیەدا چییە؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەم حاڵەتە تەنیا پەیوەست نییە بە ئیدارەکەی سەرۆك ترەمپەوە، بەڵکو لە سەروەختی ئیدارەی باراك ئۆباماشدا تەمومژی و ناڕوونییەکی زۆر هەبوو لەبارەی ئەوەی پێویستە سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا چۆن بێت، دەرئەنجامەکەش ئەوە بووە کە بۆ ساڵانێکی زۆر سیاسەتدارێژەرانی ئەمریکا دەیانزانی نایانەوێت چی بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بەرچاوڕوونییەکی کەمیان هەبووە لە بارەی ئەوەی کە دەتوانن چی بکەن. هۆکارەکەش ئەوە بووە کە ترسی ئەوەیان هەبوو هەر کارێك ئەنجام بدەن، ئەوا دەرهاویشتەی خراپی لێ دەکەوێتەوە. ئەوەی ئێستاش بە تێڕوانین لە ئەدای ئەم ئیدارەیە لەئارادایە، ئەوەیە کە سیاسەتی دەرەوەی دۆناڵد ترەمپ قابیلی پێشبینیکردن نییە.

*** پرسێکی دیکەی پەیوەست بە مەیلی خودی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە بۆ خۆبەدوورگرتن لە پرسی بەکارهێنانی هێزە لەم ناوچەیەدا و بگرە ئاراستەی ئەم ئیدارە ئەوەیە کە هێندەی دەکرێت خۆی بەدوور بگرێت لە تێوەگلانی سەربازییەوە، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

**ئەوانەی پێشتر پێیان وابوو دەتوانن پشت بە ئەمریکا ببەستن، وەک ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودیە لە ئێستادا بیرکردنەوەیەکی جیاوازیان هەیە، دەرئەنجامەکەش ئەوە بووە کە هەندێکیان ڕووگەیان بەرەو هێزێکی دیکە گۆڕیوە و هەندێکیان لە هەوڵی ئەوەدان خۆیان دەستەبەری ئاسایشی خۆیان بکەن**

- ئەوە راستە کە خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج لە ئەدای ئەم ئیدارەیە بریتییە لە خۆبەدوورگرتن لە بەکارهێنانی هێز، وەك ئامادەنەبوون بۆ بەکارهێنانی هێز کاتێك ئێران هێرشی کردە سەر کێڵگە نەوتییەکانی سعودیە، هەروەها بە دوورگرتنی سەربازە ئەمریکییەکان لە تێوەگلان لە هەر بارودۆخێك لە سووریادا، واتە ئەمە رێچکەیەکی جێگیری سیاسەتی سەرۆك ترەمپ بووە، کە هەموو هێزەکانی ناوچەکەش ئەم پرسەیان لەبەرچاو گرتووە، واتە ئەوانەی پێشتر پێیان وابوو دەتوانن پشت بە ئەمریکا ببەستن، وەك ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودیە لە ئێستادا بیرکردنەوەیەکی جیاوازیان هەیە، دەرئەنجامەکەش ئەوە بووە کە هەندێکیان رووگەیان بەرەو هێزێکی دیکە گۆڕیوە و هەندێکیان لە هەوڵی ئەوەدان خۆیان دەستەبەری ئاسایشی خۆیان بکەن.

*** ئاماژەتان بەوە کرد کە هێزەکانی ناوچەکە بەتایبەتی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا، دەرکیان بەوە کردووە کە چیتر ناتوانن وەك پێویست پشت بە ئەمریکا ببەستن، ئایا پێت وایە بڕیاری ئەم دواییەی ترەمپ بۆ کشانەوە لە باکووری سووریا هێندەی دیکە ئەو باوەڕەی سەلماند، کە چیتر ناکرێت وەك هاوپەیمانێکی متمانەپێکراو لە ئەمریکا بڕواندرێت؟**

- لە راستیدا من پێم وایە ئەمریکا هێندە متمانەپێکراو بووە، وەك ئەوەی خەڵکی باوەڕیان وابوو، هەروەها ئەوە روونە کاتێك دۆخەکە سەخت دەبێت و پێویست دەکات پەیوەست بێت بە پابەندبوونەکانی خۆیەوە، ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکاتەوە و ئەو بەرژەوەندییانە لەبەرچاو دەگرێت، ئەوەی مایەی دڵتەنگییە لە تێڕوانینی کورد و هێزەکانی دیکەی ناوچەکەوە ئەوا ئەمە نەك هەر خۆویستییە لەلایەن ئەمریکاوە، بەڵکو بە چەشنێکی ئازاربەخش کارێکی نائیتیکییە، دەرئەنجامەکەش ئەوەیە کە هێزەکانی ناوچەکە، بەتایبەت هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بەو شێوەیە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەڕوانن کە ئایا ئامادەیە هەنگاوی کرداری هەڵبگرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو زەمانەتەی بە هاوپەیمانەکانی دەدات، یان ئەوەیە کە لە هەر بارودۆخێك و لەگەڵ هەر وڵاتێکدا تەنیا و تەنیا بەرژەوەندییەکانی خۆی لەبەرچاو دەگرێت.

*** ئێوە ئاماژە بە نەبوونی سیاسەتێکی روون، یان جێگیر دەکەن لەلایەن ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە، لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، بەڵام ئەگەر ئێمە حاڵەتی ئێران لەبەرچاو بگرین، ئەوا دەبینین ئەم ئیدارەیە سیاسەتی ئەوپەڕی فشار پیادە دەکات لە ئاست ئەو وڵاتەدا بۆ ناچارکردنی بۆ گۆڕینی سیاسەت و هەڵوێستەکانی، ئێوە چۆن لەم ستراتیژەی ترەمپ لە ئاست ئێران دەڕوانن؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەم ئیدارەیە دژی ئەو رێککەوتنە ئەتۆمییە بوو کە پەیوەست بوو بە پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، ئەوە بوو بڕیاری کشانەوەی لەم رێککەوتنەش دەرکرد، بەڵام بەدەر لەمە روون نییە ئایا ئەمریکا چی پێشنیار دەکات، هەرچەندە هەندێ جار لە نێو ئیدارەی ئەمریکا لە واشنتۆن ئاماژە بەوە دەکرێت، کە بۆی هەیە ئەگەری ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئێراندا بێتەئاراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەس نازانێت چی دەگوزەرێت و چی روودەدات.

*** کەواتە بە تێڕوانینی ئێوە باشترین رێگاچارە چییە بۆ ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بیگرێتەبەر بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی باش و بنیادنەر لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا دروست بکات؟**

- ئەگەر من وەڵامی ئەم پرسیارەم بزانیایە، ئەوا دەمکردە توێژینەوەیەك و لە گۆڤارێکی بە ناوبانگدا بڵاوم دەکردەوە، هەرچۆنێك بێت، من وەڵامێکی خێرام بۆ ئەم پرسیارە نییە، لەم رووەوە مشتومڕێکی زۆر لە نێو شارەزایانی ئەمریکا دەکرێت لەبارەی ئەوەی ئایا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیە چین و چۆن دەکرێت بەرگری لەو بەرژەوەندییانە بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣ ئێمە بیرۆکەیەمان نییە لەبارەی ئەوەی کە ئایا باشترین سیاسەت چییە بۆ ئەوەی لە ئاست ئەم ناوچەیەدا بگیرێتەبەر. لەبەر ئەوە ئەمریکا وەك ناوچەیەکی پڕ لە ناسەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانێت و نازانێت بۆ راستکردنەوەی بارودۆخەکە لە کوێدا هەنگاو هەڵبگرێت. لەم روانگەشەیەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵیدا سیاسەتێك بگرێتەبەر کە ببێتە هۆی پاراستنی هاوپەیمانەکانی و ئەوەی بە دیاریکراوی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئەمریکا گەڕاوەتەوە بۆ سیاسەتی

**ئەوەی مایەی دڵتەنگییە لە تێڕوانینی کورد و هێزەکانی دیکەی ناوچەکەوە ئەوا ئەمە نەک هەر خۆویستییە لەلایەن ئەمریکاوە، بەڵکو بە چەشنێکی ئازاربەخش کارێکی نائیتیکییە**

**هەندێ جار لە نێو ئیدارەی ئەمریکا لە واشنتۆن ئاماژە بەوە دەکرێت، کە بۆی هەیە ئەگەری ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئێراندا بێتەئاراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەس نازانێت چی دەگوزەرێت و چی روودەدات**

**ئەمریکا وەک ناوچەیەکی پڕ لە ناسەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانێت و نازانێت بۆ راستکردنەوەی بارودۆخەکە لە کوێدا هەنگاو هەڵبگرێت**

**ئەوەی بە دیاریکراوی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئەمریکا گەڕاوەتەوە بۆ سیاسەتی سەروەختی شەڕی سارد، کە پەیوەندیی باشی لەگەڵ رژێمە خۆسەپێنەکاندا هەبێت**




سەروەختی شەڕی سارد، کە پەیوەندیی باشی لەگەڵ رژێمە خۆسەپێنەکاندا هەبێت.

*** ئایا پێت وایە لە ئێستادا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگییەکی کەمتری هەیە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەمریکا بتوانێت تا رادەیەك خۆی لە کێشە و ململانێکانی ئەم ناوچەیە بەدوور بگرێت؟**

- لە راستیدا چەند دەیەیەکە ئەم پرسیارە لە واشنتۆن وروژێندراوە و قسەی لەبارەوە دەکرێت، ئەوەی پەیوەست بێت بە بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، ئەوا دەتوانین بڵێین لە سەروەختی شەڕی ساردەوە یەکێك لەو بەرژەوەندییانە بریتی بووە لە پاراستنی ئیسرائیل، کە مشتومڕێکی گەورە لە واشنتۆن دەکرێت لەبارەی پشتیوانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل، کەواتە ئەم مەسەلەیە بەردەوامیی هەیە. بەرژەوەندی، یان پرسێکی دیکە پەیوەستە بە نەوتەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵیداوە سەقامگیرییەك لە بازاڕی نەوتدا بوونی هەبێت، کە لەم رووەوە ئەمریکا پەیوەندییەکی نزیکتری لەگەڵ وڵاتی عەرەبستانی سعودیە گرێ داوە کە رەنگە تا رادەیەك ئەمە وڵاتانی دیکەی ناوچەی کەنداوی ناڕەحەت کردبێت، بەرژەوەندییەکی دیکە پەیوەستە بە هەوڵەکانی ئەمریکاوە بۆ سنووردارکردنی کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی وڵاتی رووسیا لەم ناوچەیەدا، کە لەم رووەوە دەبێت سنووردارکردن و کەمکردنەوەی فراوانخوازیی ئێرانیش لە ناوچەکەدا بە یەکێکی دیکە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دابنرێت. کە هەموو ئەمانەش ئەو پرسیارەیان لێ دەکەوێتەوە، ئایا ئەم بەرژەوەندییانە تا چ رادەیەك گرنگن بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ نموونە: ئایا ئەمریکا چاوپۆشی دەکات لەوەی ئێران ببێتە هێزێکی ناوکی، یان ئێران بنکەی لە سووریا و دواتر لە لوبناندا هەبێت؟ ئایا ئەمریکا تەنیا هەوڵی ئەوە دەدات، جۆرێك لە ئاشتی لەم ناوچەیەدا لە ئارادا بێت؟ دەرئەنجامەکەش ئەوەیە کە وڵاتانی ناوچەکە پێیان وانییە کە بەرژەوەندییەکان هێندە گرنگ بن بۆ ئەمریکا، کە ببنە هۆی ئەوەی دەستێوەردان بکات و لە هەمان کاتدا متمانەی ئەوەشی پێی ناکەن کە بیەوێت بەرگرییان لێ بکات.

دیمانەی تایبەت



تۆماس هیلاند ئەریکسەن پرۆفیسۆری ئەنسرۆپۆلجیایە لە زانکۆی ئۆسلۆ و رۆشنبیرێکی ناسراوی نەرویجە و چەندین توێژینەوەی لە بارەی ناسنامە و ناسیۆنالیزم و جیهانگەرایی و گۆڕانی ژینگە و کۆچ و مافەکانی مرۆڤەوە هەیە، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە ناسیۆنالیزم و پرسی جیهانگەرایی و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار و لێرەدا پوختەی قسەکانی دەخەینەڕوو.

تۆماس ئەریکسەن
رۆشنبیری ناسراوی نەرویج بۆ گوڵان:

# ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی مودێرنەیە و باوەڕی وایە سنوورە کولتوورییەکان هاوشانی سنوورە سیاسییەکانن

*** ئایا خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ناسیۆنالیزم چین و چۆن پێناسەی دەکەیت؟**

- ئەگەر ئێمە بمانەوێت بە وردی لەسەر ئەم پرسە بدوێین، ئەوا ناسیۆنالیزم بریتییە لە ئایدیۆلۆژیای زاڵی دەوڵەتی مۆدێرن، کە باوەڕی وایە دەبێت سنوورە کولتوورییەکان کەم تا زۆر لەگەڵ سنوورە سیاسییەکان هاوشان بن. لەگەڵ ئەوەشدا، سنوورە کولتوورییەکان هەمیشە لەگەڵ سنوورە ئیتنییکیەکان یەك ناگرنەوە، بەڵام دەکرێت لە رێی زمان و ئایین، یان پێوەری دیکەوە دیاری بکرێن. نەتەوەکان مەیلی ئەوەیان هەیە هەنگاو بەرەو لێکچوونی کولتووری هەڵبگرن، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی هاووڵاتی لەلایەن دەوڵەتەوە، بە هەمان شێوە ریشەکێشکردن و ملکەچپێکردن، یان هاوشێوەکردنی کەمینە ئیتنییەکان. دەکرێت بەدیلەکانی ناسیۆنالیزم شێوە جیاوازەکانی فیدراڵیزم بن، کە تێیدا هەرێمەکان خۆیان کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەدەبەن، یان دەکرێت مۆدێلێکی ئیمپریاڵی بێت، کە تێیدا بوار بە فرەیی کولتووری دەدرێت، ئەگەر هاتوو هاووڵاتیان ئامادە بوون باج بدەن. لە راستیدا دوو سەرچاوەی هاوشان، بەڵام لێك دابڕاوی ناسیۆنالیزم هەن کە بریتین لە: رۆشنگەری، کە مافەکان لە پەیوەندی بە هاووڵاتیبوونەوە دەستەبەر دەکات، هەروەها رۆمانتیزم کە ئەویش لەسەر بنەمای بیرۆکەیەکی نارِوون بنیاد نراوە، کە پەیوەستە بە کولتووری هاوبەشەوە کە لە کۆتاییدا دەتوانرێت بکرێتە پاساوێك بۆ دارِشتنی سنوورەکانی دەوڵەت و دوورخستنەوەی هەر

کەسێك کە لە نێو ئەم سنوورانەدا نەگونجێت. زۆرێك لە ناسیۆنالیزمەکانی ئەم سەردەمە ئەم دوو لایەنە لەخۆ دەگرن، رۆشنگەری و رومانتیزم، یان هەر جارەی لایەنێکیان لەخۆ دەگرێت. بۆ نموونە هیندستان، ناسیۆنالیزمی نەهرۆ و پارتی کۆنگرەی میللی بێ هیچ گومانێك پرۆژەیەکی رۆشنگەری بوو و هەوڵیدا دانیشتووانە جیاوازەکە لە پرۆژەیەکی هاوبەشدا و لە پێناوی گەشەکردن و بەرەوپێشچووندا یەك بخات. لە کاتێکدا ئەو ناسیۆنالیزمەی نارێندرا مۆدی و حزبی بەهاراتیا جاناتا نوێنەرایەتیی دەکرد، پێکهاتەیەکی کولتووری و ئایینیی بەهێزی هەبوو و مەیلی ئەوەی هەبوو غەیرە هیندۆسییەکان و ئەو هیندۆسییانەی تێڕوانینی جیاوازیان هەبوو، دووربخاتەوە.

*** ئەوەی ئاشکرایە لە ئێستادا گەڕانەوەیەك بۆ ناسیۆنالیزم لەئارادایە، هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم هەڵکشانەی ناسیۆنالیزم بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەگەر ئێمە باسی فۆرمە کولتووری و ئیتنییەکانی ناسیۆنالیزم بکەین، ئەوا ئەم رەوتانە پاساوی خۆیان لە مێژوودا بەدی دەکەن و لەم رووەوە سۆز بۆ ئەو رابردووە دەورووژێنن. بزووتنەوە نیوناسیۆنالیستەکانی ئێستا کە بوونێکی بەرچاو و بەهێزیان هەیە و لەسەر بناغەیەکی ئیتنی دامەزراون، بەرجەستەکاری کاردانەوەن بەرامبەر جیهانگەرایی و گۆڕانکارییە خێراکان. تەنانەت ئەوان بەڵێنی گەڕانەوە بۆ رۆژگارێکی کۆن دەدەن، کە گوایە لەو سەردەمەدا سنوورەکان ئاشکرا بوون و ئارامییش بەرقەرار بووە. لەم رووەوە کەمینەکان، یان بیانییەکان بەتایبەتی کۆچبەرەکان وەك دوژمنی ئەم دۆخە ئارامە لێیان دەڕواندرێت. ئەمەش جێی داخە، لەبەر ئەوەی هەر وڵاتێك فرەیی ئیتنی و کولتووریی خۆی تێدایە، کەواتە تەنیا لە رێی پەراوێزخستن و توندوتیژییەوە دەتواندرێت ئەم نەخشەیە لەگەڵ خاکەکەدا یەك بخرێت.

*** بەڵام هەندێ لە توێژەران ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە بە پۆپۆلیزم، یان ناسیۆنالیزمێکی خۆسەپێن ناوزەد دەکەن، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- لە راستیدا ئەم وەسفکردنە تا رادەیەك ورد نییە. دەکرێت ناسیۆنالیزم لیبراڵی، یان خۆسەپێن بێت، راست بێت، یان چەپ. دەکرێت لەسەر بنەمای خاك، یان لایەنی ئیتنی بێت، ئەگەر ئێمە لە دەوڵەتە نەتەوەییەکانی وەك ئەرجەنتین و مەکسیك بڕوانین، ئەوا لەسەر بنەمای رەچەڵەکێکی هاوبەشی ئەفسانەئاسا، یان پێوەرێکی ئیتنی دروست نەبوون، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی گوترا، ئەوا ئاشکرایە کە زۆرێك لە ناسیۆنالیزمە نوێیەکان پۆپۆلیستن، بەو مانایەی کە نوخبە سیاسییەکان بە کەسانی جیهانگەرا دەزانن، کە ناپاکییان لە ئایدیای ناسیۆنالیزم کردووە و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان زیاتر لە نوخبەکان رێکخراوی جەماوەری دادەمەزرێنن، کە بەرجەستەکاری تێڕوانینی خەڵکن. هەندێ جار ئەم رەوتانە دەبنە رەوتی خۆسەپێن، هەروەك بەم دواییە لە ئەورووپای ناوەڕاست و رۆژهەڵات بینیمان، یان لە وڵاتێکی وەك تورکیا، ئەویش لە پێناو زامنکردنی دەسەڵات و درێژەدان بەوەی ئەوان پێیان وایە بەهای تەقلیدین.

*** ئایا تا چ رادەیەك پۆپۆلیزم و ئەوەی پێی دەوترێت سیاسەتی ناسنامە، بوونەتە هەڕەشە لەسەر دیموکراسییەت؟**

- سیاسەتی ناسنامە لەبەر ئەوەی دابەشبوون دەهێنێتەئاراوە و لە ناو وڵاتەکەدا بە لۆژیکی (ئێمە و ئەوان) کار دەکات، بۆی هەیە زۆر زیانبەخش بێت. لە وڵاتەکەی مندا لە نەرویج، ئەمە جەختکردنەوەیە لەسەر ناسنامە و ئەم رەوتە پۆپۆلیستییە لە گوتاری پارتی پێشکەوتندا بەدی دەکەین، کاتێك وەك دوو خەڵکی جیاواز باس لە نەرویجی و کۆچبەران دەکەن و ئەو راستییە فەرامۆش دەکەن کە زۆرێك لە کۆچبەران لە ئێستادا بوونەتە هاووڵاتیی نەرویجی. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ جار بۆی هەیە پۆپۆلیزمی حاڵەتێکی تەندروست بێت و ببێتە هۆی راستکردنەوەی غرووری ئەو نوخبانەی لە خەڵك دووركەوتنەوە. لە دیموکراسیدا سیاسەت پڕە لە پشێوی و سازشکردنی تێدایە، لە کاتێکدا بزووتنەوە پۆپۆلیستییەکان و ئەوانەی جەخت لەسەر ناسنامە دەکەنەوە، هەڵوێستێکی سازشهەڵنەگر دەگرنەبەر. ترەمپ نموونەیەکی بەرچاوە. ئەو

**ناسیۆنالیزم بریتییە لە ئایدیۆلۆژیای زاڵی دەوڵەتی مۆدێرن، کە باوەڕی وایە دەبێت سنوورە کولتوورییەکان کەم تا زۆر لەگەڵ سنوورە سیاسییەکان هاوشان بن**

**سنوورە کولتوورییەکان هەمیشە لەگەڵ سنوورە ئیتنییکیەکان یەک ناگرنەوە، بەڵام دەکرێت لە رێی زمان و ئایین، یان پێوەری دیکەوە دیاری بکرێن**

**دەکرێت بەدیلەکانی ناسیۆنالیزم شێوە جیاوازەکانی فیدرالێزم بن، کە تێیدا هەرێمەکان خۆیان کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەدەبەن، یان دەکرێت مۆدێلێکی ئیمپریاڵی بێت، کە تێیدا بوار بە فرەیی کولتووری دەدرێت، ئەگەر هاتوو هاووڵاتیان ئامادە بوون باج بدەن**

**بزووتنەوە نیوناسیۆنالیستەکانی ئێستا کە بوونێکی بەرچاو و بەهێزیان هەیە و لەسەر بناغەیەکی ئیتنی دامەزراون، بەرجەستەکاری کاردانەوەن بەرامبەر جیهانگەرایی و گۆڕانکارییە خێراکان**

لە بری ئەوەی بکەوێتە گفتوگۆوە، پەنا دەباتە بەر هەڕەشە و ترساندن و دواتر ئەمە ناو دەنێت ڕێککەوتن، کە ئەمە هەمیشە گەمەی سفر و سەتییە و لە بری ئەوەی هەوڵێکی هاوکاریئامێز بێت و ئامانجەکەی گەیشتن بێت بە ڕێگاچارەیەکی مامناوەند و هەنگاوهەڵگرتن بۆ پێشەوە، هەندێ جار باس لە بوونی کەسانی بەهێز دەکرێت وەك (مۆدی، ترەمپ، ئەردۆغان، پوتین، ئوربان و...هتد) کە دەتوانن وڵاتەکە بە یەکگرتوویی بهێڵنەوە و بە شێوەیەکی بەهێز نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی بکەن، ئەمەش بەتەنیا ئاماژە نییە بۆ بوونی گەلێك، بە دڵنیاییەوە ئەمە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش ڕاستە، کە مەیلی دیموکراسیی هەبێت.

*** ئایا جیهانگەرایی سووڕی خۆی تەواو کردووە، یان ڕەوتی جیهانگەرایی پێچەوانە نەبۆتەوە؟**

- پێم وایە وەڵامەکە نەخێرە. جیهانگەرایی چەندین دەرکەوتنی جیاوازی هەیە، ئابووری و سیاسی و کولتووری و.. هتد، لە ئێستادا ئابووریی جیهانی بە تەواوەتی ئاوێتە بووە، لەم ڕووەوە ئایدیۆلۆژیای (سەرەتا ئەمریکا) بۆتە ستراتیژیەتێکی دۆڕاو. لە ئێستادا چین بۆتە چەقی ئەم قۆناغەی ئێستای جیهانگەرایی ئابووری. لە بواری سیاسەتیشدا تۆڕێکی ئاڵۆزی ڕێککەوتن، هاوپەیمانێتی و ڕێکخراوەکان هەن، کە نزیکەی سەرجەم وڵاتان لە نێو سیستمێکی بەرفراواندا پێکەوە گرێ دەدەن. ئەمە لە میانەی پرۆسەی دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا بۆ سەرکردایەتی بەریتانیا دەرکەوت، کاتێك ڕوون بۆوە کە دەرچوون لە یەکێتی ئەورووپا کارێکی بێ ئەندازە زەحمەتە و ئەوەی پەیوەستە بە جیهانگەرایی کولتوورییەوە، ئەوا ئەم پرۆسەیە بەهۆی گەشتکردن، فێربوونی زمان، تۆڕی ئۆنلاینەوە بەرەوپێش دەچێت، لەبەر ئەوە من پێم وانییە ئەم ڕەوتە پێچەوانە ببێتەوە، بەڵام ناسازییەك هەیە لە نێوان بەشە جیاوازەکانی جیهانگەراییدا. من خۆم دژی ئەوە نیم مەودای جیهانگەرایی ئابووری بەرتەسکتر ببێتەوە بە چەشنێك کە وڵات و کۆمەڵگە بچووکەکان لە پێگەیەکی باشتردا بن، بەڵام من زۆر دژی ئەوەم کە گفتوگۆ لەبارەی خەم و کێشە هاوبەشەکانەوە نەکرێت. کاردانەوە و پەرچەکردارەکان دژی جیهانگەرایی بەردەوام دەبن، هەروەها بەهێز دەبن، بەڵام تا ئەو کاتەی سیستمی سەرمایەداری لە ئارادا بێت، ئەم کاردانەوانە ڕەوتی مێژوو ناگۆڕن.

*** چۆن وەسفی بارودۆخی ئێستای جیهان دەکەیت؟ ئایا لە ئێستادا جیهان نائارامی و نادڵنیایی زیاتر بەخۆوە دەبینێت؟**

- ئەگەرچی زۆر کەس مشتومڕی ئەوەیان کردووە کە جیهان لە ئێستادا سەلامەتترە و بەراورد بە ڕابردوو توندوتیژییەکی کەمتری تێدایە، بەڵام لە هەمان کاتدا نائارامی و نادڵنیاییەکی زیاتر هەن کە ماوەیەکی درێژخایەنە بەردەوامن، فشارەکانیش لە یەك کاتدا و لە چەندین لاوە سەرچاوە دەگرن: گۆڕانی کەشوهەوا بارێکی لەرزۆك دروست دەکات و وشکەساڵی، لافاو و بەرزبوونەوەی ئاستی دەریاکان کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئاوارەبوونی خەڵك لە زۆر وڵاتدا. نەبوونی سەرکردایەتییەکی جیهانی دوای ڕەوتی گۆشەگیری و دروستبوونی نیوفاشیزم لە ئەمریکا بۆشایی دەسەڵاتیان دروست کردووە و بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین یاخیگەری. هەروەها سەرچاوەکانیش بەهۆی ئەوەی گەشەیەکی خێرا و چاودێرینەکراوەوی ئابووریی جیهانی هەیە، فشاریان لەسەرە، کە ئەمەش دۆخێکی ململانێی بەپەلەی لە نێوان هێزە گەورەکاندا دروست کردووە، کە ڕەنگە ئەمە سەربکێشێت بۆ هەڵگیرسانی شەڕ، کەواتە ئێمە لە ڕۆژگارێکی ناسەقامگیردا دەژین و ئایندەیەکی نادیار چاوەڕوانمان دەکات. ئەوەی پێدەچێت جیهان پێویستی پێی بێت، بریتییە لە پرۆژەیەکی هاوبەش کە ڕەوت و ئاراستەی ئایندەی تێدا دیاری بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێم وانییە دەیەی داهاتوو دەیەیەکی یەکلاکەرەوە بێت. ڕەنگە ئێمە پێ بنێینە نێو جیهانێکەوە کە نایەکسان تێیدا لە هەڵکشاندا بێت، شەڕەکان لە ئاستێکی بەرتەسکدا تێیدا ڕوو بدەن و ململانێکردن لەسەر سەرچاوەکان و خراپبوونی ژینگە درێژە بکێشن، یان ئەوەتا ڕێگایەك دەدۆزینەوە بۆ هێنانەئارای جیهانێکی دادپەروەرتر و باشتر و درێژخایەنتر.

**زۆرێک لە ناسیۆنالیزمە نوێیەکان پۆپۆلیستن، بەو مانایەی کە نوخبە سیاسییەکان بە کەسانی جیهانگەرا دەزانن، کە ناپاکییان لە ئایدیای ناسیۆنالیزم کردووە و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان زیاتر لە نوخبەکان ڕێکخراوی جەماوەری دادەمەزرێنن، کە بەرجەستەکاری تێڕوانینی خەڵکن**

**سیاسەتی ناسنامە لەبەر ئەوەی دابەشبوون دەهێنێتەئاراوە و لە ناو وڵاتەکەدا بە لۆژیکی (ئێمە و ئەوان) کار دەکات، بۆی هەیە زۆر زیانبەخش بێت**

**لە دیموکراسیدا سیاسەت پڕە لە پشێوی و سازشکردنی تێدایە، لە کاتێکدا بزووتنەوە پۆپۆلیستییەکان و ئەوانەی جەخت لەسەر ناسنامە دەکەنەوە، هەڵوێستێکی سازشهەڵنەگر دەگرنەبەر**

**کاردانەوە و پەرچەکردارەکان دژی جیهانگەرایی بەردەوام دەبن، هەروەها بەهێز دەبن، بەڵام تا ئەو کاتەی سیستمی سەرمایەداری لە ئارادا بێت، ئەم کاردانەوانە ڕەوتی مێژوو ناگۆڕن**



ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەری هەموو ساڵێك لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكانەوە كراوە بە ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ئافرەتان.

توندوتیژیی دژ بە ئافرەتان ئەگەرچی لە گوفتار و ڕەفتاردا بەرجەستە دەبێت، بەڵام لە پێشدا لە هزرەوە دەست پێ دەكات، بەتایبەت هزری ئایینی وەك ئەنجامێك بۆ خراپ تێگەیشتنی زۆرێك لە مرۆڤەكان لە دەقە ئایینییەكان. بۆیە زۆرن ئەو چەمك و بۆچوونە هەڵانەی كە لە عورف و دابونەریتی بۆ ماوەی گەلانەوە تێكەڵ بە هەندێك لە فەتوا و بۆچوونە فیقهییە ئیسلامییەكان بوون، تا ئەو ڕاددەیەی نەوە لە دوای نەوە گواستراونەتەوە و بوونەتە بەشێك لە ئایینی ئیسلام لە لای بەشێك لە خەڵك و ڕای گشتی، لەهەموو كەسیش زیاتر زەرەرمەند و زیانلێكەوتووتر ئافرەتانن لەم بوارەدا، كە لە پەنای بە هەڵە تەفسیركردنی قورئان و بە ناشارەزا ڕاڤەكردنی فەرموودەكان و بە پیرۆز تەماشاكردنی لێكدانەوە فیقهییەكانەوە، سەنگەری شەڕیان لە دژ گەرم كراوە.

جا لەبەر ئەوەی چارەسەری هەر كێشەیەك بە شێوەیەكی گشتیی لەوێوە دەست پێ دەكات كە ئیعتیراف بكرێت بەوەی كێشە و حاڵەتێكی

# ئافرەت پیاوی لە بەهەشت دەرنەکردووە



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

ناسرووشتی هەیە و پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە، بۆیە دەبێت و پێویستە کە خەمخۆرانی ئایین — هەر کەس و لایەن و کۆمەڵەیەك بن — ددان بەوەدا بنێن کە کێشەیەك هەیە بە ناوی کێشەی ئافرەتەوە، کە چارەسەرکردنیشی لە رەهەندێکیەوە پێویستی بە ریفۆرمێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی و یاسایی هەیە.

ریفۆرمێکی ئایینی، چونکە لادانە ئایینییەکانی رۆژئاوا لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە رووە و رۆژهەڵاتی ئیسلامی هاتوون و تێکەڵ بە هەندێك لە سەرچاوە ئیسلامییەکان بوون و لەوێشەوە زیانی گەورەیان لە توێژی ئافرەتان داوە، تا ئەو رادەیەی کە بینایەکی بەرز لە هەڵویستی سلبی دژ بە ئافرەت لە سەر ئەو بنەما هەڵە و بەناو ئایینییانە بنیاد نراوە، بۆ بەدبەختی ئافرەتانیش ئەو تێگەیشتنە سلبییانە بوونەتە بەشێك لە دین و لە سەنگەری دینیشەوە پشتگیری لەو تێگەیشتنە خراپە دەکرێت، ترسناکترین گوناهیش کە دەدرێتە پاڵ ئافرەت و — نەشیکردووە — ئەفسانەیەکە بە ناوی (گوناهی یەکەم)ـەوە، کە زۆر لەنێو کۆمەڵگەدا و لەنێو توێژی پیاواندا دووبارە دەکرێتەوە، گوایە ئافرەت ئەنجامدەری گوناهی یەکەم بووە و ئەو ئادەمی فریو داوە، بە هۆی

**هەرچەندە ئادەم ئەنجامدەری گوناهی یەکەمیشە، بەڵام پاش ئەوەی داوای لێبوردنی لە خوای گەورە کرد، ئەویش لێی خۆش بوو، ئیدی لێرەوە ژیانێکی نوێ و حاڵەتێکی دی دەست پێدەکات**

ئەویشەوە ئادەم (سەلامی خوای لەسەر) لە بەهەشت دەرکراوە، بۆیە دەڵێن: ئەگەر ژن نەبوایە پیاو هەر لەبەهەشت دەبوو!!

ئەم بۆچوونە هەڵە و ناڕاستە ئەگەر ئاوا بە ڕاست و دروست بزانرێت، ئەوسا تەواوی کچانی حەوا لە گشت سەردەم و زەمانێکدا دەبنە جێگەی بێ متمانەیی پیاو بە ئەوان و هەر لەوێشەوە ئافرەت هەرچی سەرکەوتنیشە بە دەستی بهێنێت، هەر بە چاوی گوناهکاری یەکەمەوە تەماشا دەکرێت.

پێشتر وامدەزانی ئەم ئەفسانەیە تەنیا لە پەراوێزی کۆمەڵگەدایە و وەك هەندێك لە چیرۆکە میللییەکان دەماودەم گەیشتۆتە ئێستا، بەڵام لە کۆڕ و سیمینارەکانی تایبەت بە کێشەی ئافرەتان و بابەتە بڵاوکراوەکانی هەندێك لە گۆڤار و ڕۆژنامە دەرەکی و ناوخۆییەکانەوە، بۆم دەرکەوت کە مەسەلەی گوناهی یەکەم و تاوانبارکردنی ئافرەت بە دەرکردنی پیاو لە بەهەشت وەك بەڵگەنەویستێکی هەموو ئایینە ئاسمانییەکان وەك یەك تەماشا دەکرێن، بەتایبەت پاش بینین و سەرنجدان لەم دەقانەی لای خوارەوە:

یەکەم: بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە لە گۆڤاری (النهج) بە زمانی عەرەبی کە تیایدا هاتووە:

رحلة القهر تبدأ من سفر التكوين – ماري الدبس مجلة النهج العدد ٤١ سنة ١٩٩٥

في سفر التكوين سببان واضحان لتبعية المرأة، السبب الأول .... السبب الثاني: وهو أن حواء بإمتثالها للشيطان الذي دفعها إلى التمرد على المحرمات ، وبجرها آدم الى التمرد قد إرتكبت خطيئتين في آن واحد: خطيئة الإستماع إلى غير كلام الله وخطيئة حث الآخر على سلوك الخطأ، ولذا كان عقابهما غير متوازن، طرد الإثنان من الجنة، بينما أضيفت لحواء عقاب آخر (وبالآلام تلدين الأولاد)!!

دووەم: بڵاوکردنەوەی هۆنراوەیەك لە لاپەڕە (٢١٢)ی هەمان گۆڤار کە لە کۆپلەیەکیدا هاتووە:

شكرا أيتها المرأة .. أيتها العاصية الأولى .. ياصانعة الحرية...

سێیەم: تاوانبارکردنی ئافرەت بە ئەنجامدەری گوناهی یەکەم، کە دکتۆرە (تەسنیم ئیبراهیم) لە ژمارە (١٢٤٧)ی گۆڤاری (المجتمع) ئاماژەی بۆ کردووە.

چوارەم: ڕەنگدانەوەی ئەم ئەفسانەیە و بەرجەستەکردنی وەك ڕاستی و حەقیقەت لە نووسینی زۆر نووسەری لای خۆشمان و لە کارە هونەری و شێوەکارییەکانیشدا زۆر جار دەردەکەوێت و دەدرێتە پاڵ گشت ئایینەکان.

پێنجەم: بە بیناکردن لەسەر ئەم ئەفسانەیە ئافرەت لە ئایینی کەنیسەکانی ڕۆژئاوای جاراندا بەم شێوەیەی لای خوارەوە ڕەفتاری لەگەڵدا کراوە:

١- پێیان وابووە کە ئافرەت گوناهی یەکەمی ئەنجامداوە، خوداش بە منداڵبوون و ئازاری منداڵبوون تۆڵەی لێ کردۆتەوە!!

بۆیە هەوڵەکانی هەندێك لە ئافرەتانی ڕۆژئاوا بۆ ڕەتکردنەوەی دایکایەتی و منداڵبوون کاردانەوەیەك بووە بۆ ئەو تۆڵە ناڕەوایەی گوایە خودا لە ئافرەتی دەسێنێتەوە!!

٢ - ئافرەت جێگەی متمانەی کەنیسەکانی ڕۆژئاوا نەبووە، بۆیە پێیان وابووە کە شایانی پاراستنی نهێنییەکانی کەنیسە نییە و ناشبێت خاوەنی سامانی خۆی بێت و هەر دەبێت پاشکۆی پیاوەکەی بێت!!

بۆیە لێرەوە زاراوەکانی وەك پیاوانی ئایین و پیاوانی کار و هەروەها لکاندنی ناوی ئافرەتی شووکردوو بە ناوی مێردەکەیەوە هاتنە ئاراوە.

٣ – ئافرەت کە گوناهی یەکەمی کردبێت ( وەك دەڵێن)، واتە هەڵگەڕاوەتەوە لە فەرمانی خودا و ڕاپەڕیوە بۆ وەدەستخستنی ئازادی، بۆیە لێرەوەیە کڵێسا وەك یاخیبوو تەماشای کردووە، سیکۆلارەکانی ئەوساش کە نەیاری کڵێسا بوون، وەك سیمبولی ئازادی لێیان ڕوانیوە!!

بۆیە لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا و نووسینەکانی هەندێك نووسەری ڕۆژهەڵاتیشدا کە کاریگەریی ئەفسانەی گوناهی یەکەمیان لەسەرە، ئافرەت سیمبولی ئازادیی و هەڵگەڕانەوەیە لە فەرمانی خودا، هەر لەبەر ئەمەشە ئافرەت کراوەتە پەیکەری ئازادی.

ئەگەر بێینەوە سەر ڕوانگەی قورئان و فەرموودەی ڕاست، ئەوا دەبینین مەسەلەی گوناهی یەکەم و ئەم ئاسەوارە سلبییانەی هیچ ئەسڵ و بنەمایەکی ڕاستی نییە و مەسەلەکەش

**لەهەموو کەس زیاتر زەرەرمەند و زیانلێکەوتووتر ئافرەتانن کە لە پەنای بە هەڵە تەفسیرکردنی قورئان و بە ناشارەزا ڕاڤەکردنی فەرموودەکان و بە پیرۆز تەماشاکردنی لێکدانەوە فیقهییەکانەوە، سەنگەری شەڕیان لە دژ گەرم کراوە**

لە قورئاندا ڕێك پێچەوانە دەوەستێتەوە، لەگەڵ ئەوی کە لەپێشەوەدا ئاماژەمان بۆ کرد، لەم ڕووانەی لای خوارەوە:

یەکەم: لە قورئاندا ئافرەت بەریییە لە گوناهی یەکەم و ڕێك بە پێچەوانەی قسەکانی (سفر التكوين)ـەوە، چونکە لە قورئاندا ئاماژە بۆ پیاو کراوە وەك ئەنجامدەری گوناهی یەکەم و، ئافرەت باجی هەڵەی پیاوی داوە.

لەم ئایەتانەی (سورەتی ئەلئەعراف)دا خوای گەورە ڕووی گوتاری لەهەردووکیانەو وەك شێوەیەکی گشتیی هەڵە و گوناهی یەکەمی خستۆتە ئەستۆی هەردوولایان:

وَيَٰٓـَٔادَمُ ٱسۡكُنۡ أَنتَ وَزَوۡجُكَ ٱلۡجَنَّةَ فَكُلَا مِنۡ حَيۡثُ شِئۡتُمَا وَلَا تَقۡرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ (١٩) فَوَسۡوَسَ لَهُمَا ٱلشَّيۡطَٰنُ لِيُبۡدِيَ لَهُمَا مَا وُۥرِيَ عَنۡهُمَا مِن سَوۡءَٰتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَىٰكُمَا رَبُّكُمَا عَنۡ هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيۡنِ أَوۡ تَكُونَا مِنَ ٱلۡخَٰلِدِينَ (٢٠) وَقَاسَمَهُمَآ إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ ٱلنَّٰصِحِينَ (٢١) فَدَلَّىٰهُمَا بِغُرُورٖۚ فَلَمَّا ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ بَدَتۡ لَهُمَا سَوۡءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِۖ وَنَادَىٰهُمَا رَبُّهُمَآ أَلَمۡ أَنۡهَكُمَا عَن تِلۡكُمَا ٱلشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَآ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمَا عَدُوّٞ مُّبِينٞ (٢٢) قَالَا رَبَّنَا ظَلَمۡنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمۡ تَغۡفِرۡ لَنَا وَتَرۡحَمۡنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ (٢٣) سورة الأعراف

وشەکان لەم ئایەتەدا زۆربەیان ئاماژە بۆ گوتار دەکەن لەگەڵ دوو کەسدا، بڕوانە وشەکانی:

(فَكُلَا ، شِئْتُمَا ،لا تَقْرَبَا ، فَتَكُونَا ، لَهُمَا ، عَنْهُمَا، سَوْءَتِهِمَا، مَانَهَاكُمَا، رَبُّكُمَا ، تَكُونَا ، مَلَكَيْنِ ، أَوْ تَكُونَا ، قَاسَمَهُمَا ، لَكُمَا ، فَدَلَّاهُمَا ، ذَاقَا ، لَهُمَا ، سَوْءَتُهُمَا ، طَفِقَا ، يَخْصِفَانِ ، عَلَيْهِمَا ، نَادَاهُمَا، رَبُّهُمَا ، أَنْهَكُمَا ، تِلْكُمَا ، لَكُمَا ، قَالَا ، ظَلَمْنَا ، لَنَا ، تَرْحَمْنَا ).

دووەم: ئەگەر وردتر لە ڕوانگەی قورئانەوە بە دوای بکەر و ئەنجامدەری گوناهی یەکەمدا بچین، ئەوا ئەم ئایەتانەی قورئان ئاماژە بۆ ئادەم (سەلامی خوای لەسەر) دەکەن:

وَلَقَدْ عَهِدْنَا إِلَى آدَمَ مِنْ قَبْلُ فَنَسِيَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُ عَزْمًا (١١٥) وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَى (١١٦) فَقُلْنَا يَا آدَمُ إِنَّ هَذَا عَدُوٌّ لَكَ وَلِزَوْجِكَ فَلَا يُخْرِجَنَّكُمَا مِنَ الْجَنَّةِ فَتَشْقَى (١١٧) إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا وَلَا تَعْرَى (١١٨) وَأَنَّكَ لَا تَظْمَأُ فِيهَا وَلَا تَضْحَى (١١٩) فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ الشَّيْطَانُ قَالَ يَا آدَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَى شَجَرَةِ الْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَا يَبْلَى (١٢٠) فَأَكَلَا مِنْهَا فَبَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِنْ وَرَقِ الْجَنَّةِ وَعَصَى آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَى (١٢١) ثُمَّ اجْتَبَاهُ رَبُّهُ فَتَابَ عَلَيْهِ وَهَدَى(١٢٢).سورة طه

لێرەوە چەندین وشەو دەستەواژە ئاماژە بۆ ئادەم دەکەن وەك ئەنجامدەری گوناهی یەکەم بۆ نموونە:

(فنسي)، (فلم نجد له عزما)، (فوسوس إليه)، (قَالَ يَا آدَمُ هَلْ أَدُلُّكَ) ، (وَعَصَى آدَمُ رَبَّهُ)، (غَوَى)، (ثُمَّ اجْتَبَاهُ)، (فَتَابَ عَلَيْهِ).

سێیەم: ئەوەی جێگەی سەرنجە لە قورئاندا ئەوەیە کە هەڵە و گوناه، هی تاکە و ئاسەوارەکانی نایەتە سەر نەوەکانی دوای خۆی، بە بەڵگەی ئایەتی:

(ولاتزر وازرة وزر أخرى)

بۆیە هەرچەندە ئادەم ئەنجامدەری گوناهی یەکەمیشە، بەڵام پاش ئەوەی داوای لێبوردنی لە خوای گەورە کرد، ئەویش لێی خۆش بوو، ئیدی لێرەوە ژیانێکی نوێ و حاڵەتێکی دی دەست پێدەکات کە ئەویش قۆناغی:

(ثُمَّ اجْتَبَاهُ رَبُّهُ فَتَابَ عَلَيْهِ وَهَدَى).

چوارەم: لەفەرموودەی پێغەمبەریشدا - درودی خوای لەسەر- لەم بارەوە هەر ئاماژە بۆ ئادەم کراوە — سەلامی خوای لەسەر — وەك ئەنجامدەری گوناهی یەکەم بە شاهێدیی خۆی وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە:


وعن حُذَيْفَةَ وَأَبي هريرة رضي اللَّه عنهما قالا: قالَ رسول اللَّه ﷺ

يَجْمَعُ اللَّهُ تَبارَكَ وَتَعَالَى النَّاسَ، فَيقُومُ الْمُؤمنُونَ حَتَّى تزْلَفَ لَهُمُ الْجَنَّةُ، فَيَأْتُونَ آدَمَ صلواتُ اللَّه عَلَيْه فَيقُولُون:

يَا أَبَانَا، اسْتَفْتِحْ لَنَا الْجَنَّةَ، فَيقُولُ: وَهَلْ أَخْرَجَكُمْ مِنَ الْجنَّةِ إِلَّا خَطِيئَةُ أَبِيكُمْ؟) رواه مسلم

**ڕەنگدانەوەی ئەم ئەفسانەیە و بەرجەستەکردنی وەک ڕاستی و حەقیقەت لە نووسینی زۆر نووسەری لای خۆشمان و لە کارە هونەری و شێوەکارییەکانیشدا زۆر جار دەردەکەوێت و دەدرێتە پاڵ گشت ئایینەکان**

**ئافرەت کە گوناهی یەکەمی کردبێت (وەک دەڵێن)، واتە هەڵگەڕاوەتەوە لە فەرمانی خودا و ڕاپەڕیوە بۆ وەدەستخستنی ئازادی، بۆیە لێرەوەیە کڵێسا وەک وەک یاخیبوو تەماشای کردووە**



**لە ئەدەبیاتی رۆژئاوا و نووسینەکانی هەندێک نووسەری رۆژهەڵاتیشدا کە کاریگەریی ئەفسانەی گوناهی یەکەمیان لەسەرە، ئافرەت سیمبولی ئازادیی و هەڵگەڕانەوەیە لە فەرمانی خودا، هەر لەبەر ئەمەشە ئافرەت کراوەتە پەیکەری ئازادی**

پێنجەم: کە لە قورئاندا ئافرەت بەری بێت لە گوناهی یەکەم، ئیدی هۆیەك نامێنێت بۆ ئەوەی سزا درابێت بە پرۆسەی منداڵبوون و ئازاری منداڵبوون وەك ئەوەی لە (سفر التكوين)دا باسی کراوە (وبالاوجاع تلدين الاولاد)، چونکە لە قورئاندا منداڵبوون – وێڕای ئازارو ماندوبوونیش – وەك حەزێکی ئافرەت ئاماژەی بۆ کراوە، نەك وەك ئازاردان و سزای خودایی، بۆ نموونە:

ئەگەر بە وردی بڕوانینە سورەتی (الاحقاف) دەبینین خوای گەورە دەفەرموێت :

(وَوَصَّيْنَا الإنسَانَ بِوَالِدَيْهِ إِحْسَانًا حَمَلَتْهُ أُمُّهُ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا)


لێرەوە هەندێك وا تێدەگەن کە ئەم ئایەتە مانای نابەدڵیی ئافرەت بێت لە مەسەلەی منداڵبوون، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە جیاوازی ناکەن لە نێوان:

الكُره: مشقّة مرغوبة

(كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ)

(وَوَصَّيْنَا الإنسَانَ بِوَالِدَيْهِ إِحْسَانًا حَمَلَتْهُ أُمُّهُ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا)

الكَره : الإكراه والإجبار ، الأمر المبغوض والمكروه.



(لاَ يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَرِثُواْ النِّسَاء كَرْهًا)
(كُره) : بضم حرف الكاف

واتە ماندووبوونێکی پێشوەخت زانراو و داواکراو، وەك هەموو ئەوانەی روو دەکەنە مەیدانی جەنگ و بەرگری لە نیشتمان (بە عەشق دەچن بەرەوپیریی مەرگەوە) و دەزانن کە ماندووبوون چاوەڕوانیانە، بەڵام بە ئارەزووی خۆیان رووی تێدەکەن و خەڵکیشی بۆ ساز دەدەن.

(كُره) : بفتح حرف الكاف

واتە: کاری بێزراو و حەزلێنەکراو و بەزۆرپێکراو.

بەم جۆرە دەردەکەوێت کە ئایەتەکانی قورئان بە پێچەوانەی (سفر التکوین)ـەوە، منداڵبوون و منداڵبەخشین بە ئافرەت –وێڕای ماندووبوون– بە خەڵاتێکی خودایی دادەنێت بۆ ئافرەتان .. ئافرەتانیش کە نیوەی کۆمەڵن، دایکی نیوەکەی دیکەشن.

**تێبینیی:** ئەم توێژینەوەیەم کورتەی نامیلکەیەکی چاپکراوە لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٠ بە ژمارە سپاردنی ٤٩٨ لە ساڵی ٢٠٠٠ لە سلێمانی، بەناونیشانی: ئافرت و ئەفسانەی گوناهی یەکەم.

**ئەگەر بێینەوە سەر روانگەی قورئان و فەرموودەی راست، ئەوا دەبینین مەسەلەی گوناهی یەکەم و ئەم ئاسەوارە سلبییانەی هیچ ئەسڵ و بنەمایەکی راستی نییە و مەسەلەکەش لە قورئاندا رێک پێچەوانە دەوەستێتەوە**